# چەند پەیڤێک بۆ هەمووان

**محەمەد جەمیل عەلی**



محەمەد جەمیل عەلی

› پەیوەندیەکانی نێوان کوڕان و کچانمان

› کەسانێک دەڵێن دڵسۆزی ئاکی کوردین و خۆیان بە ئاین و نیشتمانپەروەر دەزانن کەچی ئامادەنین کاتژمێرێک کارێکی خۆ بەخشی بۆ بکەن؟!!

› وا دەزانن پێک هێنانی خێزان و منداڵ بە خێوکردن هەر ئاهەنگ و پیاسە و مانگی هەنگوینی و شیرینی و چەرەزات خواردنە لە کاتێکدا پێویستە کەسی ئامادە بۆ پێک هێنانی خێزان، رۆشنبیرێکی تەواوی هەبێ، هەر لەلایەنی دارایی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و بەرێوەبردن و ..

› چاوەڕێی چیان لێدەکەی؟

› بە قسە لەگەڵن بەڵام کاتێ مەسەلەکان گەیشتە لوتکە رەفتاریان بەم جۆرە دەبینێت وەکو ئەوەی لەسەر بیروباوەرە کۆنەکە موتوربەکراین . بۆ کوێندانە ئەو شێوازو و قسانەی کە ڕۆژانە دەیکات و خۆی پێدەڕازێنێتەوە نەک هەر لە سەر ئاریشەی هاوسەرگیری بەڵکو دەیان مەسەلەی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی .

# چەند پەیڤێك بۆ هەموان

محەمەد جەمیل عەلی

هەولێر
2013

★ ناوی کتێب: چەند پەیڤێك بۆ هەمووان

★ نووسینی: محەمەد جەمیل عەلی

★ نەخشەسازی :ئەبوبکر مەلا عەبدللا

★ پێداچوونەوەی: ئاسۆ ئەحمەد

★ تیراژ: ( 500 ) دانـە

★ چاپخانەی منارە- هەولێر

★ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی( 2686 )ی ساڵی 2013ی پێدراوە .

هەموو مافێکی پارێزراوە

# سەرقەڵەمێك

ئەم کتێبەی لەبەردەستی ئێوە دایە، بەشێك لەو بابەتانەی لەخۆگرتووە، کە لە نێوان ساڵانی (2005) تاکو (2012) بڵاومکردوونەتەوە لە (گۆڤاری ئاونگ، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، رۆژنامەی یەکگرتوو، هەفتەنامەی سات، هەفتانە هەڵگورد، هەفتەنامەی خوێندنی لیبراڵ، رۆژنامەی خەبات)، هەروەها لەگەڵ چەند بابەتێکی گۆشەی تایبەت بەخۆم، بەناوی (قسەیەك بۆ هەمووان) لە گۆڤاری نواڵەی نوێ لە ساڵی (2013). تەواوی بابەتەکان لێرەدا بە کەمێك دەستکارییەوە لە چوارچێوەی ئەم پەرتووکەدا خستوومنەتە بەر دیدی ئێوەی بەڕێز.. هیوادارم سوودبەخش بێت.

**محەمەد جەمیل عەلی**

**Mohammedjamilali2@yahoo.com**

**2013-11-1**

**هەولێر**

## پێشەکی

لە چەندپەیڤێك بۆ هەمووان مەحەمەد جەمیل عەلی ، تەنها ووشەکان نەنووسیووەتەوە بەڵکو بە نووکی پێنووسە تیژبینەکەی تەواوی کۆمەڵگەی نووسیوەتەوە و ، هەموو ئەم کون و کەلەبەرە تاریکانەی ڕۆشن کردۆتەوە کە بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووخواز بەها و نرخی خۆیان هەیە .

چومسکی کە دەڵێ : زمان نمایندەی مەعریفەی تاك دەکات ، ئەم سادە نووسینەی مەحەمەد جەمیل" گەواهی ئەو مەعریفە ناسینەیە بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی، ئاخر ئەو بە زمانێکی سادە و بێ پاڵەپەستۆ ولێ زۆر قوڵ، زمانێك ئەم خەیاڵ و بیرە جەنجاڵ و زهنە پڕ کیشمەکێشمەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنێتەو جیهانگیری بۆ خۆی پەڵکێشبکات و بەر لە هەر شتێك لە پەنجەرەی زهنەوە مرۆڤ بوونی ڕۆشن بکاتەوە و دەرگەی گەلێ بابەتی بۆ والآ بکات کە تا ئێستا کەس نەیکردۆتەوە . ئەوەی مەحەمەد جەمیل" لەگەڵ نووسەرەکانی تر جیادەکاتەوە ئەو واقعگەرایی و ڕاستگۆییەیە لە نێو بیروبۆچوونەکانی ، کە لای ئەو هەموو شتێك هەم بەهای خۆی هەیە و هەمیش کاریگەری ، دەشێ شتە ووردەکان بە تێپەڕینی قۆناغ ماکی خۆیان جێبهێڵن بەسەر شێوازی ژیانکردنی کۆمەڵگەکان بە هەردوو ڕەهەندی باش و خراپیەوە .

شەپۆڵەکان چەند گەورەبن و بەهێزبن، ئەو لەهەر دەریایەك، گەوهەرێك دەدۆزیتەوە و باسی نرخی ئەو گەوهەرمان بۆ دەکات و ئەو هێلە ڕاستەش دەستنیشان دەکات، کە تاکەکان دەباتەوە سەر ڕێگە درووستەکەی سیستەمی زیندەگی کردن لە نێو کۆمەڵگەکانیان.

هەر یەکێك لەم بابەتانەی نێو ( چەند پەیڤێك بۆ هەمووان ) دەمانخاتەوە سەر چەندین بابەتی تر، ئەوەی مەحەمەد جەمیل لێرە بۆ خوێنەرانی خستۆتە ڕووی هەوێنی بابەتگەلێکن کە لەگەڵ خۆی دەمانبات بەرەو زۆر بیروبۆچوون و لێکدانەوە و توێژینەوەی تر،ئەمەش هۆی فراوانکردنی زیهنی خوێنەرە بۆ هۆکارو چارەسەر"بەڕووی ئەم ئاریشە چڤاکیانەی کە تاکەکانی لە خاڵێکی چەق بەستوو هێشتۆتەوە و ڕێگەی لە ڕەوتی کرانەوە پێشڤەچوونی زیهنی تاك بەستووە بەڕووی بابەتگەلێکی مەعریفیی و هەم سیستەمی ژیانکردن تاك لە نێو کۆمەڵگەکەی .

عەبدولوەهاب شوانی

2013-10-27

هەولێر

# کاتێك قسە و کردار یەکتر نابڕن

کەسانێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بە روخسار و قسە رۆژئاواین، بەڵام بەکردار رۆژهەڵاتین. دیارە کە زۆرجار رۆژئاوا بە نموونە دەهێنینەوە مەبەست لایەنە باشەکانی ڕۆژئاوایە، لایەنەکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیا و جدیەت لەکار و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە تاوەکو ئازادی بیروڕا و ڕادەربرین، لەم بارەیەوە کەسایەتییەکی بەرزی کورد دەڵێت: "ئازادی بوونی هەیە لە رۆژئاوا پڕ بەمانای وشەی ئازادی". هەتا بۆ مەسەلەی ئاینیش زۆر جار دەبینین کە کەسێکی رۆژئاوایی بانگەشەی ئاین دەکات زۆر بەجوانی ئاین جێبەجێ دەکات و ئایندارییەکەی پێوە دیارە. بەمانایەکی تر ئەوان هەرچی بانگەشەی بۆ دەکەن بەجدی جێبەجێی دەکەن.

بەڵێ، رۆژانە زۆرانێك لەتاکەکانی کۆمەڵگەکەمان خۆیان بە ڕۆژئاوایی پیشان دەدەن کاتێ قسە لەسەر بابەت و کێشە و گیرگرفتەکان دەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئامادەنین بەکردار جێبەجێی بکەن. لە دەزگاگانی ڕاگەیاندنمان بە هەرسێ شێوازەکەیەوە (نووسراو بینراو بیستراو) و لە کۆڕو کۆبوونەوە و ئاهەنگ و شوێنە گشتییەکان، پڕۆپاگەندەی مەدەنی و دیموکراتی و ئازادی بیروڕاو ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەر و. ..هتد، دەیان قسەی بریقەداری لەم جۆرە دەبیستن. بۆ

تاقیکردنەوەی ئەم قسە بریقەدارانە، تۆ ئەگەر باوکێك بدوێنی لە یەکێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەو باوکە گومانی تێدا نییە خۆی وا پیشاندەدات کە مرۆڤێکی مەدەنییە و وا قسە دەکات کە بڕوای بە ئازادی بیروڕاو هەیە، ئەوە بەلای کەمی دەڵێ: ((ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی پیرۆزە، حەز دەکەم منداڵەکانم هاوسەرگیری بکەن، پێویستە لەگەڵ منداڵەکانمان هاوڕێیانە ڕەفتار بکەین و خواست و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەین، هەروەها پێویستە منداڵەکانمان سەربەست بن لە دەست نیشانکردنی هاوسەری ژیانیان)). ئەمانە و چەندین قسەی لەم جۆرە. خۆ ئەگەر یەك کاتژمێر دوای ئەو قسانە کوڕەکەی (یان برازایەکی یان خزمێکی..) داوای کچێك بکات کە بە دڵی خۆیەتی و هەڵی بژاردووە، ئەوا بێشك باوکەکە یەك فەڕەی (180) پلەیی بەدەوری قسەکانی خۆی لێدەدات و دەڵێت: ئەم کچە گونجاو نییە بۆ تۆ! ئەم کچە بێگانەیە! خزمی خۆمان نییە و لە عەشیرەتی خۆمان نیە! ئەو کچەی دەبێتە دەستگیرانی تۆ پێویستە بە دڵی دایك و باوك و خۆشك و برا و خزم و کەس و کاریشت بێت. بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ پێی دەڵێ: ((من چۆن بیردەکەمەوە دەبێت تۆش وا بیربکەیتەوە...!)). لێرەدا دەبێت کوڕ ژن بۆ دایك و باوك و خوشك و برا و کەس و کارەکەی بهێنێت نەك بۆ خۆی. یان دەیان مەرجی بێ مانا

و سەیر، وەکو ڕەنگی پێست و لاوازی و قەڵەوی.. هتد داوا دەکەن و دەکەنە بیانوو، بەم مەرجانە کۆسپ و تەگەرە بۆ کوڕە دروست دەکەن، کە زۆر جار ئەم داواکاری و مەرجانە دەبێتە هۆی تێکدانی پرۆسەی هاوسەرگیرەیکە. بۆ ئەم بابەتە چیرۆکی هاوسەفەرێکم بیر دێتەوە کاتێك لە هەولێرەوە بۆ سۆران دەچووین. وتی: ((مامۆستا، هەموو شتێکم ئامادە کرد و مەسرەفێکی زۆرم کرد تەنها لەسەر ئەوە مابوو کە مەلا ببەین و بچینە ماڵی بووکەخان و شەو مارەی بکەم. لەناکاو هەواڵێکی بەپەلەم بۆ هات کە مامێکی ڕازی نییە و لەشارۆچکەیەکی دوور لە هەولێرە، وتوویەتی: هەتا قسە لەگەڵ ئەم کوڕە نەکەم ڕێگا نادەم مارەی بکات)). پاشان وتی: ((منیش بە قرچەی گەرمای هاوین ئۆتۆمبێلێکی تایبەتم گرت و چەند کاتژمێرێك ڕێگام بڕی و چوومە لای مامی بووکەخان)).

منیش وتم: ئێ دواتر چی؟

وتی: مامی بانگی کردم و پێی وتم: چ عەشیرەتێکی؟

منیش عەشیرەتی خۆم پێ وت، یەکسەر سەری لەقاندو وتی: ئێستا ڕازیم، چونکە لە عەشیرەتی خۆمانی! !

ئەمە دیاردەیەکە کە لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونی هەیە، زۆرجار لە نێوان ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەی بەرزن و چەند ساڵێکیش لە ئەوروپا بوون و خۆشیان وا پیشان دەدەن کە بڕوایان بە ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا

هەیە ئەم دیاردەیە هەستی پیٚ دەکریٚت، لەمەش زیاتر ئەم دیاردەیە پەڕیوەتەوە بۆ کەسایەتی ئاینی بەریٚزیش، زۆر جار بەگویٚرەی ئاین کارەکە ڕاست و دروستە، بەلاّم بەپیٚچەوانەی عادەت و تەقالیدی کۆنی عەشیرەتی خۆیەتی بۆیە قەبوولّی ناکات. واتا بە قسە لەگەلّن بەلاّم کاتیٚ مەسەلەکان گەیشتە لوتکە رەفتاریان بەم جۆرە دەبیٚت، وەکو ئەوەی لەسەر بیروباوەڕە کۆنەکە موتوربە کرابن. بیٚ گویٚدانە قسەکانی پیٚشوو و ئەو شیٚوازو و قسانەی رۆژانە دەیانکات و خۆی پیٚیان دەڕازیٚنیٚتەوە، نەك هەر لە سەر ئاریشەی هاوسەرگیری بەلّکو دەیان مەسەلەی تری کۆمەلاّیەتی و سیاسییش.

تاکی نویٚخواز و ئازاد و میٚشککراوە و هۆشیار لە هەموو بوارەکانی ژیان، قسە و کرداریان ئاویٚتەی یەکە هەر ئەم جۆرە تاکانەش کۆمەلّگەیەکی رۆشنبیرو پیٚشکەوتوو و هۆشیار دروست دەکەن.

# پەیوەندییەکانی نێوان کوڕان و کچان

تاکەکانی کۆمەڵگە چەندین پەیوەندی جۆراوجۆریان لە نێوان دا هەیە لەوانە: پەیوەندی خزمایەتی و حزبایەتی و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی.. هتد. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە هەڵوەستەی لەسەر بکەین پەیوەندی نێوان کوڕو کچە، ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان کوڕان و کچانمان بەردەوام بوونیان هەیە و هەستیان پیێ دەکرێت، لە ناو کۆمەڵگە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:

یەکەم: پەیوەندی و یەکترناسین بەهۆی کار، یان خوێندن یان هەر هۆکارێکی تر،شارەزایی هەڵسوکەوتی یەکتر دەبن. لە ئەنجامدا پەیوەندییەك لە نێوانیان دروست دەبێ، لێرەدا کوڕ و کچە بە ئاشکرا هەریەکە خێزانەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە لە پەیوەندی نێوانیان، لەوەش زیاتر کوڕەکە بە خێزانی (دایك و باوك و خوشك و برای) خۆی دەڵێ: ئەو کچەم هەڵبژاردوە و بە دڵمە دەمەوێت بیکەمە هاوسەری ژیانی خۆم، بەهەمان شێوە کچەش خێزانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە پێیان دەڵێ: کوڕێك هەیە، من بەو کوڕە ڕازیم بۆ هاوسەری ژیانم. ئەم پەیوەندییە زۆر درێژ خایان نییە و دوا جاریش هاوسەرگیریی لێدەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر خێزانیان پیێ دروست نەبوو، ئەوە ئیتر

پەیوەندییەکە کۆتایی پێدێت. کۆمەڵگە بە چاوی ڕێز سەیری ئەم جۆرە پەیوەندیە دەکات، کەسایەتییەکی بەرزیان بۆ دروست دەبێت لە ناو کۆمەڵگە، چونکە خۆیان هاوسەری ژیانی خۆیان هەڵبژاردووە.

دووەم: کوڕ و کچێك لە ناوەندێك لە ناوەندەکان بەهەر هۆکارێك بێت یەکتر دەناسن و شارەزایی یەکتر دەبن و هەموو گرێی دڵی خۆیان بۆ یەکتر دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی سنووره ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان ببەزێنن. بەم شێوەیە وەکو دوو هاوڕێ لەم پەیوەندیە بەردەوام دەبن، لەپێناو سوود گەیاندن بە یەکتری لە ڕێگایی ئاڵوگۆڕکردنی بیرروڕاکان. دەتوانین بڵێین ڕێژەی ئەم پەیوەندیە لە کۆمەڵگەدا زۆر کەمە، چونکە کچ و کوڕی ڕۆشنبیر و باوەڕداریان دەوێ تا ئەم پەیوەندی دروست بکەن.

سێیەم: کوڕێك لە کچێك نزیك دەبێتەوە بە مەبەستی ئەوەی خۆی تاقی بکاتەوە، ئایا کچ قسەی لەگەڵ دەکات یان نا. مەبەستیشی لەمە ئەوەیە تاوەکو لەناو هاوڕێکانی خۆی هەڵبکێشێ و بڵێ من کچ موعجەبمە و قسەم لەگەڵ دەکات و نامە و ژمارەی تەلەفۆنم لێ وەردەگرن.. هتد. کاتێك گەیشت بەو مەبەستانە، ئیتر وازی لێ دەهێنێت و تەنها بۆ یادگاری و خۆهەڵکێشان و شکاندنی کەسایەتیی کچەکە لەناو خەڵك باسی دەکات. بەهەمان شێوە کچ هەیە لە کوڕ نزیك دەبێتەوە تەنها بۆ بەرژەوەندی، هەندێك جاریش بۆ ئەوەی دەعوەتێکی

بکات یان سوودی ماددیی لێ ببینێت. کچ هەیە تەنها بۆ ئەوەی بڵێت کە موعجەبی کوڕم هەیە لە کوڕ نزیك دەبێتەوە، کاتێ گەیشتە ئەو مەبەستانە ئەوکات واز لە کوڕەکە دەهێنێت، ئەمجۆرە پەیوەندییانە هەر بە گۆڕینەوەی ژمارەی مۆبایل و پیاسەکردن ناوەستێت، بەڵکو باز دەدات بۆ بەزاندنی سنووره ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیش. تووش بوون بەمجۆرە پەیوەندییە (جۆری سێیەم) قێزەونە لە کۆمەڵگەدا جگە لە تەمەنی هەرزەکاری (12–19 ساڵ) زۆرجار لە ناوەندی وەکو زانکۆش روو دەدات بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە زۆری ناوەندەکانی کوڕ و کچانمان تێکەڵ بە یەکتر دەبن، ئەوان بێ ئاگان لەوەی لەم جۆرە پەیوەندییە چەندین نەخۆشیی کوشندەی جەستەیی و دەروونی بۆ خۆیان و تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکەن، ئەوە بێجگە لەوەش کەسایەتی مرۆڤ زەربی سفر دەکات، زۆرجاریش دوای زەماوەندیش کوڕەکە بۆی دەردەکەوێ ئەو هاوسەرەی کاتی خۆی پەیوەندییەکی لەم جۆرەی لەگەڵ کوڕانی تردا هەبووە، دەرەنجام ئەگەر تەڵاقیشی نەدات ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەی جارانیان نامێنێ، بەهەمان شێوە بۆ کچەکەش.

هۆکاری ئەم جۆرە پەیوەندییە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بێخەمی خێزان، ئەگەر خێزان ئاگاداری منداڵەکانیان بن، بە تایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاری و رێنماییان بکەن و ئەو حاڵەتانەیان بۆ روون بکەنەوە کە

کاریگەری دەبێت لەسەر کەسایەتی و تەندروستی مرۆڤ، بێگومان تووشی ئەم حاڵەتانە نابن. لەوەش زیاتر گوناهی پیرەکانە، چونکە زۆرجار سەرزەنشتی گەنجەکان دەکەن و پێیان دەڵێن: ((تو خوا ئێوە گەنجن؟! ئێمە لە تەمەنی ئێوە بووین هاوڕێی کچمان هەبوو لەگەڵمان رابواردوون و ئەوها و ئەوهامان لێکردوون، بەڵام ئێوە بێ غیرەتن ناوێرن لەگەڵ کچ ڕابوێرن و کەیف و سەفا بکەن)). ئەمانە و دەیان قسەی تر کە هەر هەموویان ئامۆژگاریی خراپن، بێگومان ئەم جۆرە قسانە بۆ مرۆڤی هەرزەکار و کەمهۆش زۆر کاریگەرە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتیان دەبێ.

# چاوەڕێی چییان لێ دەکەی؟

ڕۆژانە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەناو خێزان و لە شەقام و بازاڕەکان، گوێبیست دەبین کە باس لە خراپەکارییەکانی ناو کۆمەڵگە و لایەنە سەلبی و کەسە گەندەڵەکان و گەندەڵی دەکرێت، تاوەکو دەگاتە سەر تیرۆریستەکان، دەڵێن تیرۆر ڤایرۆسی ژیانە و دوژمنێکی نەناسراوی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، لە هەمان کات باس لە چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی دەکرێت. ئەمڕۆ ئەگەر هەر خراپەکارییەك یان هەر گەندەڵییەك هەبێ، یان تاکی گەندەڵ و تیرۆریست بوونی هەبێ لەناو کۆمەڵگەدا، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیەکی تۆکمە.ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ئەمڕۆکە دەست دەکەوێت لە ڕێگای:

یەکەم: خێزان.

دووەم: دەزگاکانی پەروەردە.

سێیەم: دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

یەکەم: ئەگەر بێت و باسی پەروەردەی خێزان بکەین، دەبینین کەش و هەوایەکی وا نەڕەخساوە بۆ خێزانەکانی کۆمەڵگەی ئێمە تاوەکو بتوانێ هۆشیاری پەیدا بکات لە بوارەکانی ژیان بۆ خۆی و خێزانەکەی. ئەمڕۆ

دایك و باوك، بەردەوام لە خەمی ئەوەدان چۆن بتوانن بژێویی ژیانیان پەیدا بکەن. ئینجا باوك خۆی بەردەوام خەریکە و ئەگەر خاوەنی منداڵ بێت بە تایبەتی ئەگەر کوڕ بێت، ئەوکات ئەویش دەخاتە گەڕ بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانی خێزانەکەی. لێرەدا بە هەر شێوەیەك بێت دەبێ نان پەیدا بکات ئینجا بە ڕێگای باش بێت یان خراپ، لە هەمان کاتدا هیچ کاتێکی نییە تەنانەت بۆ بیرکردنەوەش لە لایەنەکانی تری ژیان، وەکو لایەنەکانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و پەروەردەکردنی تاکەکانی خێزانەکەی. خۆ ئەگەر باروگوزەرانێکی باش بۆ خێزانەکانی کۆمەڵگە برەخسێت، بەبێ شك تاکەکانی ناو خێزانەکان بە دوای ڕۆشنبیری و هۆشیاریی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەگەڕێن، بەمەش مرۆڤی هۆشیار و نیشتمانپەروەر بەرهەم دێت و دەبنە پاڵپشت بۆ دەسەڵات، نەك نەیاری دەسەڵات و کۆمەڵگە.

دووەم: دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن، دەبینین کە قوتابی و خوێندکار بە پێی پێویست فێر ناکرێن و هۆشیار ناکرێنەوە. ئەمیش بە هۆی بوونی سیستەمێکی لاوازی دەزگاکانی پەروەردە، هەر لە پڕۆگرام و مامۆستا... تا شوێنی پەروەردەکردنەکە.

سێیەم: دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تا ئێستا دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نیشتمانیمان نییە!. ئەوەی هەیە هەموو سەر بە گرووپ و حیزب و حکومەتە، ئەوەی کە سەر بە گرووپ و حیزبە، دەهۆڵ بە گوێرەی

بیروڕای حیزبەکەی خۆی لێدەدات و لە هەمان کاتدا هیچ سانسۆرێکیش نییە بۆ ئەو بابەتانەی کە پەخشی دەکەن. بۆیە، ئەگەر دیاردەی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و فەیسبووك و تویتەر، بوونی هەیە لەلایەن خەڵکانێکەوە، وەکو ئەو ڕووداوانەی کە بیستوومانەو دەیانبیستین لە رابردوو و لە ئیستاش، یان کوشتنی ئافرەتان، یان هێرشکردنە سەر ئایین یان دزی، یان کەسانێك دەبینین لەسەر حیسابی خەڵك بوونەتە خاوەنی کۆشك و تەلار و ئۆتۆمبیلی ئاخیر مۆدێل و ورگیان گەورە کردووە و لاف لەسەر خەڵکی لێ دەدەن، یان خەڵکێك دەبینین لە دەزگاکانی حکومەت مانگانە بە مەبلەغ پارە لە حکومەت دەدزن بە پڕکردنەوەی وەسڵی بەتاڵ یان زیادکردنی سفر، یان هەر فەرمانبەرێکی حکومەت کە بە باشی ئیش و کاری خۆی بەڕێوە نابەت و خیانەتی لێ دەکات، تاوەکو دەگاتە ئەو شوفێرانەی کە لە گلۆپی سوور دەدەن و ئەو کەسانەی لەسەر شەقام کاغەز فڕێ دەدەن، هۆکاری ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پەروەدەی خیزانی و لاوازی دەزگاکانی پەروەردە و خراپی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە هەرسێکیان سەرچاوەی هۆشیاری و پەروەردەی خەڵکن. دواجاریش دەسەڵات بەرپرسە لە لاوازیی هەرسێکیان. لێرەدا دەپرسین گەر تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بەم شێوەیە لەم سێ سەرچاوەی هۆشیارییە پەراوێز کرابن لە لایەن دەسەڵاتەوە دواتر چاوەڕێی چیان لێ دەکەی؟

# خاڵ بۆ سەر پیتەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ڕاگەیاندن هێندەی پەروەردە کاریگەری هەیە لەسەر تاکی کۆمەڵگەی کوردی. تاکی کوردی بە هەموو چین و توێژ و ئاستەکانیەوە، هەر لە مامۆستایەکی زانکۆ کە ڕۆژانە بەلایەنی کەم هۆکارێکی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێت، تا شوانێکی نەخوێندەوار (*زۆربەی شوانەکان رادیۆیەك لەگەڵ خۆیان هەڵ دەگرن*) کە خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکانیەتی.

شانازیە بۆ گەلی کورد ئەمڕۆکە لە کوردستانی باشوور کورد خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆیەتی، بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕاگەیاندنانە بێ کەم و کوڕی نین، کرچ و کاڵی زۆری تێدایە، بە جۆرێك هەندێك لەمانە بە لایەنی نێگەتیڤ بەسەر کۆمەڵگەی کوردی دەشکێنەوە و نەوەی نوێ بەرەو هەڵدێر دەبەن. لە کاتێکدا دەتوانین بەدەزگایەکی ڕاگەیاندن بڵێین پاك و بەسوودە و ئەکتیڤە، ئەگەر هەموو لایەنەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەرکەوتنی پرۆسە تا دەگاتە بە تاك تێیدا بەرجەستە ببێت. بۆ نموونە ئەگەر نووسراو وەکو باڵێکی ڕاگەیاندن وەربگرین دەبینین لە لای کۆمەڵگەی کوردیدا تەنها دەرکردنی گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك مەبەستە، بەبێ گوێ پێدانی ئەم خاڵانەی

خوارەوە کە هەر هەموویان پێویستن و پێوەرن بۆ سەرکەوتنی بڵاوکردنەوەی گۆڤار یان رۆژنامەیەك:

یەکەم: بابەتەکانی گۆڤار لە رووی نویٚ و کۆنی و بە سوودی و گونجان لەگەڵ کۆمەڵگە و نووسەری بابەتەکە و دارشتنی بابەتەکە لە رووی بەکارهێنانی وشەکان دواتر خاڵبەندی.

دووەم: دابەشکردنی وتار و ریپۆرتاژ و چاوپێکەوتن و ئاگاداری و بانگەشەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیان.

سێیەم: دانانی وێنەکان (بە جۆرێك نویٚ بێت و تەعبیر لەبابەتەکە بکات) و دیزاینی بەرگ و ناوەوەی و جۆری خەتەکان و پانی و درێژی گۆڤارەکە و هەڵبژاردنی ڕەنگەکان.

چوارەم:جۆری کاغەز و چاپەکەی و تیراژەکەی.

پێنجەم: کات و شوێنی بڵاوکردنەوەی.

خوێنەری ڕاستەقینە تێبینی هەموو ئەم خاڵانە دەکات، هەروەکو چۆن بینەری ڕاستەقینە کاتیٚ سەیری فلیمێك یان زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی دەکات باسی بابەتەکە و شێوازەکانی بەکارهێنانی ڕستەکانی زمانەکە لەلایەن ئەکتەرەکان و شێوەی ئەکتەرەکان و جل و بەرگ و شوێنی دانیشتن و باکگراوندیان و کەل و پەلەکانی دەوریان و چۆنیەتی جووڵەکانیان و جۆری وێنەگرتنەکەیان و مۆسیقا و مونتاژەکە دەکەنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دەرهێنەرەکە و فیلمەکە. بەڵام ئەوەی تێبینی

کراوە لە ڕاگەیاندنی کوردی کەسانی پسپۆڕ بەکارەکان هەڵ ناستن، بەڵکو ئەو کەسانەی کە کاری ڕاگەیاندن دەکەن زۆرانێکیان پسپۆڕی خۆیان نییە و زانیاریان لەبارەیەوە نییە و تەنها لە پێناو ناوبانگ و پارە کاردەکەن و دواجار کارەکان وەك ئەوەی پێویستە جێبەجێیان ناکەن.

ئەرکی ڕۆشنبیران و خەمخۆران و لایەنە بەرپرسەکانە کۆنفراس ببەستن و پیاچوونەوە بە هەموو هۆیەکانی بواری ڕاگەیاندن بکەن و دەست لەسەر کەم و کوریەکانی ڕاگەیاندنی کوردی دابنێن و خواریەکان راست بکەنەوە و بە جۆرێك زانیاریی پاك و نوێ و بەسوود پێشکەش بکەن لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان لە هەموو بوارەکان، دواجاریش بۆ پیشاندانی رووی راستەقینەی کورد بە جیهان.

# لە نێوان ڕۆشنبیری میللەت و ڕۆشنبیری داتاشراودا

هەموو ساتێك لە سەر رووی ئەم زەمینە و لەناو هەموو میللەتان مرۆڤی ڕۆشنبیر ڕێپیشاندەر و خەمخۆری میللەتەکەی خۆی بووە، بەبێ جیاوازی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە خزمەتی کردووە، لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیی میللەتەکەی ژیاوە. پێشوازی گەرم و چەپڵەڕێزانی جەماوەری خۆپیشاندەری ئەو وڵاتانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا گۆڕانکاریان لە دەسەڵات دروست کرد، بە رێنمایی ئەم ڕۆشنبیرانە لەبەرچاوی جیهان سیستەمی دەسەڵاتیان گۆڕی، نموونەی زیندووی ئەم قسانەن. زۆر ڕوونە لەبارەی سەنگی رۆشنبیر لە ناو کۆمەڵگەدا و پشتگیری رۆشنبیر بۆ خواستی کۆمەڵگەی خۆی، هەر لەبەر ئەوەیە ڕۆشنبیری میللەت کەسایەتی خۆیان و گوفتارو کارەکانیان خۆشەویستن بوونە، بۆیە بەچاوی گەورە سەیر کراون لەناو میللەتان.

لەناو میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی جیهان، مرۆڤی رۆشنبیری وا هەن کە کار و رێنماییەکانیان بە سوودن بۆ ژیانی ڕۆژانەمان، بە جۆرێك بە خوێندنەوە و بەرچاوکەوتنی ناوو کارەکانیان رەحمەت بۆ گۆڕیان دەڕوات، بەڵام داخەکەم هەروەکو چۆن گەندەڵی کەوتووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیان و چەشنی با هەموو کون و کەلەبەرێکی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، بەهەمان شێوەش توێژی

ڕۆشنبیریش بەر شەپۆڵی ئەم پەتایە کەوتووە، بە جۆرێك بڵاوبووەتەوە ئەمڕۆکە ئەگەر کەسێك دژی ئایینی میللەتەکەی یان گرووپێك یان حیزبێك لەناو میللەتەکەی خۆی قسەی کرد بە نوێخواز و رۆشبیرو ناوزەدی دەکەن..!!

لە نێوان ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئێستا بەناوی نوێخواز و رۆشنبیری میللەت خۆیان نمایش دەکەن، کە لە ڕاستیدا ڕۆشنبیری میللەت نین، بەڵکو رۆشنبیری داتاشراون و، چونکە بە زوڕنای خۆیان هەڵدەپەڕن، بۆیە بە ڕۆشنبیر ناوزەدیان دەکەن، زۆرجار دەبیستین و دەبینین قسەی بە یەکتر دەڵێن و بە جۆرێك لە قسەکانیان لەش و لاری خۆیان بەراوردی یەکتر دەکەن و هەر کەسە بە لەش و لاری خۆی دا هەڵدەڵێت.

جا کەسانێك کە ئەمە ڕٍۆشنبیرییان بێت، دەبێت چ ڕێنمایی و چ زانیارییەك بە میللەت بدەن؟؟!!

ئەمانە و دەیان کاری دژ بە ئاراستەی خواستی میللەت، ئەمڕۆکە لە زۆرێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سمینارو شوێنە گشتیەکان تێبینی دەکەین و بەناوی کەسانی ڕۆشنبیری میللەت زانیاری و رێنمایی بە خەڵك دەدەن، لە هەمان کاتدا خەڵکیش بە ئاراستەی خراپ رێنمایی دەکەن، کە بەم کارە غەدر لە چینی ڕۆشنبیر دەکرێت کە چینێکی بەتوانا و پێشرەو رێپیشاندەر و سوود بەخشەو سەرچاوەیەکی پاکی زانیاریی کۆمەڵگەیە.

# پەتای ئاڕ

کاتێ گەڕایەوە لام ڕەنگی سوور هەڵگەرابوو. منیش یەکسەر زانیم کە ڕەفزی وەرگرتووە، چونکە زۆرجار گرێیەکانی دڵی خۆی بۆ دەکردمەوە و دەیوت: ((بە خوا هیچی تر ڕاناوەستم تەقدیمی دەکەم)). بەرلەوەی ئەو دەست بە قسەکردن بکات پێم وت: ((کەفارەتی گوناهانە، دەی گوێ مەدەرێ لە پیاوان دەقەومێ)). وتی: ((دەی هەر ئەتوو مابووی پێم ڕابوێری)). منیش وتم: ((من دەمەوێت دڵنەواییت بکەم نەك گاڵتەت پێ بکەم)).

ئاڕ (R) کورتکراوەی وشەی (Refuse)ـە بەمانای ڕەتکردنەوەو ڕازی نەبوون دێت، دیارە ڕەفزیش جۆری زۆرەلەوانە: ڕەفزی بڕیارێکی حکومەت لەلایەن جەماوەرەوە، یان ڕەفزکردنی بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بۆ فەرمانبەرێك بە مۆڵەت پێنەدانی، یاخود ڕەفزکردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتێك، بۆ نموونە ئەم بابەتە کە لەسەر (ڕەفزە).. هتد. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین ڕەفزی داخوازییە بۆ هاوسەرگیری.

تێکەڵاوبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕاست و دروست و بەرهەمهێن و گونجاو لە ناو کۆمەڵگەدا لە هەموو

لایەنەکانی ژیانەوە کارێکی زۆر باشە، بەڵام ئەوەی لێرەدا کە بەزەقی بە دیار دەکەوێت کە زۆرانێك لە کوڕان و کچانی قوتابی بە داخەوە دەیقۆزنەوە بۆ گەمەکردن بە هەست و سۆز و ریسواکردنی ڕەگەزی بەرامبەر، یان بەبیٚ ئەوەی جدی بن لە مەسەلەکە، بەڵکو بۆ ڕابواردن ئەم کارە دەکەن، بەوەی کە خۆ نزیك دەخەنەوە لە رەگەزی بەرامبەرو پەیوەندییەك دروست دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا نەرمی دەنوێنن، بەڵام کاتیٚ کارەکان نزیك دەبێتەوە لە خاڵی داخوازی و جدیات ئەوە یەکسەر (ئاپ) بەکار دەهێنن، بیٚ شك بۆ ئەوەی بەیانی لەناو هاوڕێکانی قسەی هەبیٚ و بڵیٚ: "من باوم هەیە و موعجەبم زۆرە و داخوازیشم هاتووە، بەڵام من خۆم بە هەموو کەسێك ڕازی نیم، بۆ نموونە (ئاپ)م داوەتە فلانە کەس.." ئەم قسانە دەکات بۆ بەرزکردنەوەی پایەی خۆی، ڕوونتر بڵێین بۆ دیعایەکردن بۆ خۆی، بەڵام لەسەر حیسابی شکاندنەوەی مرۆڤێکی تر لەناو هاوڕێکانی.

خۆ زۆرن ئەوانەی گاڵتە دەکەن بەو مرۆڤە قوڕبەسەرە نیازپاکەی (ئاپ) ی وەرگرتووە، دەبێتە وێردی سەرزاری قوتابیان، لە کاتێکدا ئەو نیاز پاك و جددی بووە لە مەسەلەیەك پەیوەندیی بە ژیانی داهاتوویەوە هەیە، بەڵام بەرامبەرەکەی گاڵتەی پیٚ کردووە. ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی زۆر نەشیاو قێزەونە لەناو چینی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ.

# مامۆستا هێزی گۆڕانکارییە

ئێستاش زۆر بەجوانی لەبیرمە کە وتی: ((مامۆستا تەنها پێم بڵێ تۆ چ لایەنێکی؟! وەڵڵا هیچ بەرامبەرت ناگۆڕێم ئەگەر مەسیحیش بیت، کە من موسڵمانم، بەڵام حەز دەکەم بزانم کاریگەریی چ لایەنێکت لەسەرە، ئاوا بەو شێوەیە پەروەردە بوویت، کە زۆربەی زۆری قوتابیەکان موعجەبن بە کەسێتی و شێوازت؟!)). ئەمە قسەی قوتابیەکی ئامادەیی بوو، کە بەیەکێك لە مامۆستاکانی خۆی وت.

کەسی پەروەدەکار و ڕێنماییکار کاریگەریی دەبێت لەسەر قوتابی و شوێنکەوتوانی، بەتایبەتی تریش ئەگەر قوتابی یان دواکەوتوانی منداڵ یان هەرزەکار یان گەنج بێت، چونکە هەر ئەو گەنجەیە پیر دەبێت و نەوەیەکی تر دروست دەکات. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت شەن و کەوی بکەین، کاریگەریی توێژی مامۆستایانە لە ناو کۆمەڵگەدا، لە ڕاستیدا ڕۆڵی توێژی مامۆستایان لەسەر کۆمەڵگە زیاترە لە دەزگا ئەمنیەکان، ئەمەش بەوەی کەسیانی ڕۆشنبیر و هۆشیار و نیشتمانپەروەر و بنیاتنەر بەرهەم دەهێنێت، ئەو کات ئەوەندە پێویستت بە چەك و زیندانی و ترس و چاوسوورکردنەوە نابێت. ئەگەر مامۆستایانی ئاینی و سیاسەتمەداران و دەسەڵات لە هەفتەیەك دا چەند جارێك قسە بۆ خەڵك

بکەن ئەوە مامۆستایانی ناوەندەکانی خوێندن هەموو رۆژێ قسە بۆ قوتابیان دەکەن، لە کاتێکدا زیاتر لە (110) هەزار مامۆستا هەیە لە کوردستان، لە هەر پۆلێکیش نزیکەی (20) قوتابیی هەیە، زۆرینەی خێزانەکانی کوردستان بەلایەنی کەم قوتابییەکیان لە قوتابخانە هەیە.

رۆژانە لێرە و لەوێ قسە لەسەر بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگە و دروستکردنی تاکی هۆشیار و سوودبەخش دەکرێت، کە هەر هەموو ئەمانە بە پەروەردەیەکی باشی تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکرێت، لە رێگای پەروەردەیەکی باشەوە لەوێشەوە، پەروەردەی باش و تۆکمە پێویستی بە پێداویستی پەروەردەیی باش هەیە لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕۆڵی مامۆستایە، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە رۆڵی مامۆستا لاواز کراوە لە دامودەزگا پەروەردەیەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە..لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەگەر مامۆستا رۆڵی خۆی تەواو پێبدرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەوە لە هەر بوارێکی ژیان، هەر گۆڕانکاریەکی ریشەیی و خێرا بمانەوێت، دەتوانین لە رێگایی مامۆستاوە بە ئەنجامی بگەیەنین، چونکە مامۆستا لە کاتی بوونی رۆڵی تەواوی خۆی هێزێکی گەورەی گۆڕانکاریە.

# ئافرەتان خۆیان بەرپرسن لە پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانیان

زۆر بابەتمان بینیوە و بیستووە لەسەر مافی ئافرەت و ئازادی ئافرەت، جیاوازی ئافرەت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و.. هتد. ئاینە ئاسمانیەکان و کەسانی ڕۆشنبیری و شۆڕشگێرو ئاینپەروەران پێگەی ئافرەت بەرز دەنرخێنن لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئافرەت خاوەن عەقڵ و هۆش و کەسایەتی خۆیەتی و دەوری کاریگەریان هەیە لە کۆمەڵگەدا.

بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و عەرەبیشدا ئافرەت بووەتە لەعابە. لە شاشەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانەوە دەبینین چ بێحورمەتیەك بە کچ و ئافرەتان دەکەن، ئەوەتا گۆرانبێژێکی عەرەبی خاوەن جەماوەرێکی زۆر لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیدا پرسیاری لێ دەکەن: چ کاتێك دڵت خۆشە لە ئاهەنگی گۆرانیەکاندا؟. ئەویش وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: ((کاتێ کچ لە پێشم سەما بکات)). هەر لە هەمان چاوپێکەوتندا پرسیاریان لێ کرد: تۆ ژنەکەی خۆت دەهێنی بۆ کۆنسێرتەکانت؟. لە وەڵامدا دەڵێ: ((نەخێر بە هیچ شێوەیەك ژنی خۆم ناهێنمە ئەم جۆرە ئاهەنگانە)). بەڵێ کاکی هونەرمەند و ڕۆشنبیری و

گۆرانبێژی بەناوبانگ! بەبێ سەیرکردنی سەمای کچ دڵی خۆش نییەو گۆرانی ناڵێ، لە هەمان کاتیشدا قەبوڵ ناکات ژنی خۆی هەر نزیکی ئەم جۆرە ئاهەنگانە بکەوێتەوە..!!

هەر ئەم یاریکردنە بەئافرەتان ئەمڕۆ تەنیوەتە ناو کۆمەڵگەی ئێمەش، زۆرن لە کوردستانی خۆمان ئەوانەی ئامادە نین دایك و خوشکی خۆیان ببێتە سکرتێرەی بەڕێوەبەرێکی پیاو، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ خۆیان سکرتێری کچ نەبێت قەبووڵی نیە..!! ئەمانە نموونەی زۆر بچووك و سادەن لەبارەی گەمەکردن بە عەقڵ و شعووری و لەش و لاری ئەو ئافرەتانە کاڵفامانەی کە دوای کۆمەڵێ کەوتن بە ناوی کار و ئازادی و مافی بەشداربوونی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا.

لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆماندا ئافرەتی کورد و کچی کورد خاوەنی ئاینی خۆیەتی، کە ئاینی ئیسلامە، مافی تەواوی پێ دراوە، خاوەن جل و بەرگ و کەسێتی خۆیەتی کە جل و بەرگی کوردەواری و کەسایەتی کوردە. لە مێژووی کورددا (خەپسەخانی نەقیب) و (خانزادی سۆران) نموونەی بەرزی کەسەیەتی ئافرەتی کوردن، ئەمڕۆکە تەواوی گەلی کورد شانازی بە کارەکانیان و کەسێتیی ئەم ئافرەتانەوە دەکات، چونکە ئازادی و بوێری کوردایەتی و بەرگریکردن و کۆڵنەدان و پاکی و ئیشکردن بۆ میللەتی کورد و ئاراستەکردنی بە رێگایەکی کوردانە سیفەتی ئەم کەسایەتیانە بووە. کەسایەتی و کارو چالاکی ئەم

ئافرەتانە پێمان دەڵێن: گەر ئافرەت بە رێگایەکی ڕاست و دروست بڕوات، کەس بۆی نییەلە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکرێت و ناویشی بە نەمری دەمێنێتەوە،

ئەوەی جێگای داخە ئەمڕۆکە هەندێ لە ئافرەتانی کوردیش وەکو ئافرەتە کاڵفامەکانی کۆمەڵگەکانی تر خەریکە بەرەو ئاقارێکی تر ببرێت، بەناوی مافی ئافرەت و کار و کوردایەتی و ئاین و ئازادی و حیزبایەتی و خۆشەویستی و دیموکراتی و وەرزش و هونەرو مۆسیقا و شانۆ و راگەیاندن.. هتد، ئەمانە ئەو دروشمانەن کە حاڵی حازر ئافرەتی کورد پێی فریو دەدرێت و بێحورمەتیی پێ دەکرێت، هەر ئەو فریودانەش وای لە ئافرەتە پاك و رۆشنبیرو ئازا و چالاکەکان کردووە، دوورەپەرێز بن لە کۆمەڵگەدا، چونکە لایان ئاشکرایە بەناوی کۆمەڵێ شتی جوان و پیرۆزەوە فریو دەدرێن.

ئافرەتان پێویستە خۆیان ئەو هەموو بێحورمەتییە قەبوڵ نەکەن، بێنە دەنگ و هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بەو بێ حورمەتییەی رۆژانە ئیعلام و خەڵکی نەفس نزم پێیان دەکەن، مەگەر بێحورمەتی نییە نرخی هەر کچێك بۆ کلیپ لەم کوردستانە بە (350) دۆلار بێت؟!!. هەر بەم کچانە کلیپ دەکرێت کە زۆربەی کلیپەکان باس لە خیانەتی ئافرەت و داوێن پیسی ئافرەت دەکات، ئەوە بێجگە لەوەی کە ڕۆژانە لەسەر لاپەرەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارە و تەلەفزیۆنەکان و بڵاوکراوەکانی سەر

دیواری بازاڕ بە جۆرێکی نەشیاو ڕێکلام بە کچ و ئافرەت دەکرێت بەرامبەر بە چەند دۆلارێك واتە لەشی خۆی بە کرێ دەدات بۆ ڕێکلام..! مافی ئافرەت ئەوەیە وەکو مرۆڤ سەیر بکرێت، نەك وەکو لەعابەیەك بۆ کات بەسەربردن. پێم وایە هۆکاری ئەو بێحورمەتی و لە سنوور دەرچوونە بەرامبەر بە ئافرەت ئەمانەیە:

یەکەم: ئافرەتان خۆیان هۆکارن بۆ ئەو پێشێلکارییەی مافیان، هەر بۆیە خۆشیان بەرپرسن لەم پێشێلکاریانە، بێگومان ئەوانیش کۆمەڵێ ئافرەتی ساویلکە و نارۆشنبیرو خۆشباوەڕن.

دووەم: ئەوانەی مافی ئافرەت و ئازادی پێشێل دەکەن، ئەوە کەسی نەفس نزم و نەخۆش و نارۆشنبیرن و هەڵدەستن بە قۆستنەوەی ئەو ئافرەتە خۆشباوەڕ و ساویلکەکانە، بەکاریان دەهێنن لە پێناوی بەدەستهێنانی ناوبانگ یان سامان یان خۆ تێرکردن.

# ڕۆڵی پرسگەکان لە تەندروستی و سەلامەتی لە ناو دام و دەزگاکانی وڵات

دام ودەزگاکانی وڵات مولکی گشتین و ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بەرهەمهێنان و خزمەتکردن بە تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی بیرو بۆچوون و ڕەگەزو نەتەوە و ئاین. لە هەموو دەزگایەك، چ تایبەتی یان گشتی بێت، هەر کارمەند و بەشێك ئەرك و فرمانی دیاری کراوە. بەشی کارگێڕی یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی هەموو دام ودەزگایەك. ئەم بەشە بەرپرسە لە کاروبارەکانی پرسگە.

لە ئەرکە گرنگەکانی پرسگە بریتیە لە ڕێنماییکردن و پێدانی زانیاری بە کەسانی سەردانکەر بۆ ناو دەزگا و قەدەغەکردنی هەموو ئەو شتانەی زیانیان بۆ کارمەندان و ژینگەی دەزگاکە هەیە.

جگەرەکێشان یەکێکە لەو خووە جیهانییە خراپانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر هەموو ئەندامەکانی کەسی جگەرەکێش، هەر لە مووی سەری تاوەکو نینۆکی پێکانی، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر ئەو کەسانەی لە دەوروبەری کەسی جگەرەکێشن و ژینگەی ئەو شوێنەی جگەرەی لێ دەکێشرێت. ئەمڕۆ کە لە جیهاندا چەندین بابەت، لێکۆڵینەوە، سایتی ئینتەرنێت، ڕێکخراو و یاسای وڵاتان و ڕێکەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی و

رۆژی جیهانی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان هەیە لەبارەی ئەم خووە خراپە. هەر هەموویان لەیەك خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە جگەرەکێشان زیانی لەسەر تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤ و ژینگە هەیە. لە کوردستاندا سەرەڕای بوونی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتیەکان و دام ودەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت و بوونی رێنمایی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە، تا ئێستا ئەم خووە خراپە بە رێژەیەکی زۆر بوونی هەیە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە، هەر لە کەسێکی ئاسایی نەخوێندەوار تا کارمەندی تەندروستی کەرتی گشتی لە کاتی دەوام.

ئەگەر جگەرەکێشان لە شوێنێك لە شوێنەکان زیانی هەبێت بۆ جگەرەکێش و کەسانی دەوربەرو ژینگە، ئەوە لە نەخۆشخانەکان زیانەکە دوو ئەوەندە دەبێت. بە حوکمی ئەوەی نەخۆشخانە شوێنی چارەسەرکردن و رێنمایی و حەوانەوەی نەخۆشە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە نێوان کارمەندانی (8) نەخۆشخانەی گشتی کوردستان کراوە. سەرەڕای بوونی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی جگەرە لە شوێنە گشتی و دام و دەزگاکانی میری لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە (88.2٪)ی پزیشکە پیاوەکان و (84.6٪)ی پزیشکە ئافرەتەکان و، (90.9٪) یاریدەری پزیشکە پیاوەکان (71.4٪) یاریدەری پزیشکە ئافرەتەکان و (87.5٪)ی پەرستیارە پیاوەکان و

(66.7٪)ی پەرستیارە ئافرەتەکان لەلایەن پرسگەوە ئاگادار نەکراونەتەوە و رێگریان لێ نەکراوە لە هێنانی پاکەت و جگەرە بۆ ناو نەخۆشخانە.

بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان و هەموو ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤەکان و ژینگەی دەزگاکان، پێویستە هەنگاوی یەکەم رێوشوێنە ئیداریەکان بگرینە، بەر لە هەموویان قەدەغەکردنی لە رێگایی پرسگەکانەوە، بەمەش هەنگاوێك دەنێین بەرەو پێشەوە بۆ پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی.

# مێژووش دەشێوێنن

هەتا ئەو بابەتەم نەخوێندەوە بە هیچ شێوەیەك كۆك نەبووم لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی كە دەیان وت: ((زۆری و بۆری و كرچ و كاڵی هەیە لە ڕاگەیاندنی كوردی)) بەهۆی ئەوەی هەرچی بێئیشە هەستاوە دەستی كردووە بە نووسین و بڵاوكردنەوەی بابەت لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سایت و ڕۆژنامەكان، كە هەر هەموویان شێواندنی ڕاگەیاندنی كوردین. لەم ڕۆژانە بۆ ڕاپەڕاندنی كارێكی خۆم كە گەڕان بە دوای ژیانی هونەرمەندان بوو، چەند سایتێكی كوردیم كردەوە.

داخەكەم زۆر شتی نەشیاوم بەرچاو كەوت لەوانە یەكێك نووسیبووی "نووسەر"! زۆرم پێ سەیربوو كە نووسیبووی نووسەر! من دڵنیام كە ئەو نووسەر نییەو ڕۆژنامەنووسە، چۆن ئەم ناوەی بۆ خۆی داناوە؟! تۆ بڵێی ئەو برادەرە ڕۆژنامەنووس و نووسەر لە یەكتر جیا نەكاتەوە؟! یەكێك لە هونەرمەندە دیارەكانی كوردستان سایتەكەی پڕە لە هەڵەی نووسینی كوردی. لە هەمووی عاجباتی تر ئەوەبوو كە سایتێكی كوردیم كردەوە لە شوێنێك نووسرابوو: "ئەم بەشە تایبەتە بە باس و ژیانی هونەرمەندان" كاتێك بەشەكەم كردەوە ئەم ناوانەم بەرچاو كەوت: تاهیر بەگی جاف، فایق بێكەس، شێخ مەحمودی حەفید!. وتم دیارە شێخ

مەحموودیش هەندێ کاری هونەریی کردووە، یان ئەم شێخ مەحموودە یەکێکی ترە کە من ئاگادار نیم و نایناسم!. بۆ ناسینی ئەم هونەرمەندە کلیکێکی ترم کرد نووسرابوو "شۆڕشگێری ناوداری کورد پاشای کوردستان شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید" لە سەرەتا تاوەکو کۆتام خوێندەوە تەنها دێڕێك نەبوو باس لە هونەری بکات، زۆر دڵتەنگ بووم ئەگەر لە تەلەفزیۆنێك یان لە رادیۆیەکی ناوخۆی بووایە تا رادەیەك گرفت نەبوو، بەڵام لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە هەر کەس بیەوێت بیبینێت لە هەر شوێنێکی دونیا بێت دەتوانێ، بەتایبەتی بۆ نەوەی ئەو کوردانەی ئێستا لە هاندەران ژیان بەسەر دەبەن ئەم کارە زۆر ترسناکە، چونکە ئەمە شێواندنی مێژووی کوردە، تۆ بڵێی چەند هەڵەی دیکەی مێژووی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی و ئاینی لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی هەبێت؟ بۆ دەبێت لە پێناو دەرکەوتنی ناومان خۆمان لە کۆمەڵێك بابەت هەڵقورتێنین کە زانیاریمان لەبارەیانەوە نیە؟ بۆ دەبێت تەنها بە سزا لەلایەن دەسەڵاتەوە خۆمان دوور بگرین لە هەندێ بواری ژیان؟

ئەوانەی بەم کارانە هەڵدەستن پێویستە ڕەچاوی پاراستنی هەموو لایەنەکانی "مێژوویی و هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. هتد"ی کۆمەڵگەی کوردی بکەن، نەك لە پێناو پەیداکردنی ناوبانگ یاری بە مێژوو و کەلتوورو زمان بکرێت.

# دەنگ بە کێ بدەین؟

بە ناشکوری خودا نالێین لە کوردستانی خۆمان لە چوار وەرزی ساڵ تەنها وەرزی بەهار وەرزێکە ئاو هەوایەکی خۆشی هەیە، دەشت و دەر جوان و ڕەنگینە، خەڵکی دەڕوات بۆ سەیران و گەشتوگوزار، ئەو ڕۆژانە بە خۆشی و شادی بەرێدەکەن، بە هەمان شێوەش لە چوار ساڵ جارێك خەڵکی کورد لە بەرپرسان و حکومەت ڕازیە، چونکە لەم جارە بەرپرسانی ئیداری چاویلکە ڕەشەکەیان لادەبەن و چاویلکەی خوێندنەوەی خەڵك لەچاو دەکەن، خەڵك دەبیینن و بەدەم داواکارییەکانیانەوە دێن و گرنگییان پێ دەدەن، ئەم جارەیان ڕێك وەك وەرزی بەهار وایە بۆ مرۆڤی کورد، چونکە بەڕاستی هەست بە بوونی خۆی دەکات و وەکو مرۆڤ ڕێزی لێ دەگیرێت و گوێ لە داواکاریەکانی رادەگیرێت و خزمەتگوزاری باشی پێشکەش دەکرێت، بە کورتی پێی دەڵێن: تۆ هەیت و کەم نیت..!!

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارە بکەین، بۆ هەر تەنها لەم کاتە پێمان دەڵێن ئێوە هەن و کەم نین و یارمەتیمان دەدرێت؟. ئایا ئێمە پەپوولە ئاسا تەمەنمان یەك وەرزە (وەرزی هەڵبژاردن) و دواتر نامێنین و دەمرین؟. جا لەم تەمەنی بەهارە وەرزەدا کۆنترۆلەکەی لەدەست

خۆمانە، دەنگ بدەین بە کێ؟ کێ بکەین بە نوێنەری خۆمان؟. کێ گرفتی ناوچە و ناوچەگەری و شارچێتی ناهێڵێت؟. کێ بێکاری و هەژاری ناهێڵێت و چاکسازی لە کۆمەڵگەدا دەکات؟. کێ کێشەی گەنجان چارەسەر دەکات؟. کێ گرانی بازاڕ چارەسەر دەکات؟. کێ گرفتی نیشتەجێ بوون ناهێڵێت؟. چ کەسانێك کە دەرچوون لە هەڵبژاردن ئەو پەیمانانەی داویانە لە پێش هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن جێبەجێیان دەکەن؟ چ کەسانێك چۆن یاسا بەسەر خەڵك جێبەجێ دەکات ئەواش بەسەر خۆیان؟ کێ کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دادەنێت؟ کێ کەسانی گەندەڵکار دەداتە دادگا؟ کێ حیزب لە دامودەزگا پەروەردەیی و زانکۆکان دوور دەخاتەوە؟ چ کەس و لیستێك بەراستی گۆڕان و چاکسازی لە کۆمەڵگەدا دەکات؟. کێ خزمەتگوزاری باش پێشکەش دەکات؟ خۆیان دەکەن بە پەیژە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خەڵك؟

کێ حەقیقەتی کەلتوور و زمان و ئاینی کورد پیشانی دەرەوە دەدات؟ کێ بوودجە دادپەروەرانە دابەش دەکات؟ کێ پێشمەرگە و پۆلیس بۆ خزمەتی خەڵك بەکار دەهێنێت نەك بۆ خزمەتی حیزب؟ چ کەس و لایەنێك دوای ئەم چوار ساڵە ئەگەر دەنگمان پێ نەدایەوە ڕازی دەبێت پۆستەکەی بۆ کەسانی تر جێ بهێڵێت و بڵێت: ((ئەمە بڕیاری گەلە و گەل بڕیار لەسەر داوە)).

پێویستە خەڵك هۆشیار بێت لە هەڵبژاردن، ئینجا چ هەڵبژاردنی پارێزگاكان یان پەرلەمان یان سەرۆكایەتی بێت، بزانێ كە دەنگ بە هەر لایەن و كەسێك دەدات ئەوە لە دوا رۆژ هاوبەشی كارەكانی ئەم لایەنەیە، ئینجا بە باش یان بە خراپ، لە هەمان كاتدا ئەو لایەنە براوانەی كە پۆست وەردەگرن لە دەسەڵات مادام لە وڵاتە سیتسەمی هەڵبژاردن بوونی هەیە، ئیتر كەسی هەڵبژێردراو پێویستە ئەوە باش بزانێ لەوانەیە گۆڕانكاری تر بكرێت بە هۆی هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەویش لە پۆستەكەی لاببرێت. سەردەمی قسە و دروشمی بریقەدار و تووڕەیی و زەبرو زەنگ بەسەر چووە، پێویستە هاوڵاتی دەرك بەوە بكات و بزانی كام كیان و لایەن دەتوانێ هەموو رەنگەكانی بەهار ببینێ، نەك گرنگی بە رەنگێك بدات و رەنگەكانی تر پەراوێز بخات، بەهار (خزمەتگوزاری و چاكسازی و گۆڕانكاری و نەهێشتنی گەندەڵی) بهێنێت بۆ هەموو ناوچەكانی كوردستان، نەك ناوچەیەك وشكەساڵی بێت و ناوچەیەك بكەوێتە ژێر لافاوی خۆشگوزەرانی. قبوڵی هەموو دەنگەكان بكات و ڕقی لە هیچ دەنگ و رەنگێك نەبێتەوە.

# پێویستمان به ڕاگەیاندن و پەروەردەیەکی تەندروست هەیە

پەروەردە و ڕاگەیاندن دوو کۆڵەکەی زۆر گرنگی کۆمەڵگەن. ئەگەر هەر یەکێك لەم دووانە ئاراستەی خراپ وەربگرێت، ئەوە کۆمەڵگە دووچاری دەیان ئاریشە دەبێت و ڕوو لە هەڵدێر دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە ناحەزانی کۆمەڵگەیەك هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ئەم دوو بوارەوە شیرازەی کۆمەڵگەکە تێك بدەن. جا بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، پێویستمان بە پەروەردە و ڕاگەیاندنێکی تەندروست هەیە، کە خزمەت بە کۆمەڵگەکەمان بگەیەنێت.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەلتووری یارمەتیدانی کەسانی ئاینی و بە پیرۆز زانینی شوێنە ئاینییەکان، هەر لە دێرزەمانەوە هەبووە. ئێستاش کۆمەککردنی دەزگا پەروەردەییەکان و کەسانی پەروەردەیی، تا ڕاددەیەك هەستی پێدەکرێت و خەریکە ببێتە کەلتوورێکی باشی کۆمەڵگەکەمان، وەك ئەوەی بە پێی توانا کۆمەکی دروستکردنی قوتابخانەیەك دەکرێت یان بەلای کەم ڕێز لە مامۆستایەکی قوتابخانە دەگیرێت، چونکە نەوەکانی داهاتوو فێر دەکات و پەروەردەیان دەکات.

لێرەدا دەخوازین هەر وەك چۆن یارمەتی و هاوکاری دەزگاپەروەردەیەکان دەکرێت، ئاواش هاوکاری کەسانی ڕاگەیاندنکارو

ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بکرێت، چونکە ڕاگەیاندن ئەگەر کاریگەری زیاتری لە پەروەردە نەبێت، کەمتر نیە. بۆ نموونە ئەگەر گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی و ئازاد و سەربەخۆ وەربگرین و ئەم گۆڤارە چاوپێکەوتنێکی تێدا بێت لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕ، کە لە میانەیدا باسی هەندێ هۆکاری تووش بوون بە نەخۆشیەك بكات کە تووشی مرۆڤ دەبییێت، خوێنەرێکیش ئەم چاوپێکەوتنە بخوێنێتەوە و گوێڕایەڵی پزیشکەکە بکات و خۆی بپارێزێت لە نەخۆشیەکە، بێگومان ئەم خوێنەرە تووشی ئەو نەخۆشییە نابێت بە هۆی زانیارییەکانی نێو چاوپێکەوتنەکە، لەم بارەیەوە ئەم سوودانەی پێدەگات:

*یەکەم*: سوودمەند دەبێت لە لایەنی ماددییەوە، چونکە ئەگەر تووشی ئەم نەخۆشیە ببێت، پارەیەکی زۆری دەچێت لە عیادە و دەرمان.

*دووەم*: سوودمەند دەبێت لە لایەنی جەستەیی، چونکە ئەگەر تووشی نەخۆشی بێت، دووچاری ئێش و ئازار دەبێتەوە.

*سێیەم*: لەوانەیە ئەو زانیاریانەی لەو چاوپێکەوتنەوە دەستی کەوتوون بە دوو تا سێ کەس یان زیاتری تر بڵێت، بەمەش دەبێتە چاکە بۆی، جا لە دونیا بێت یان ئاخیرەت.

*چوارەم*: کۆمەڵگە سوودمەند دەبێت، چونکە ئەگەر تووشی نەخۆشی ببێت لەوانەیە چەند رۆژێك توانای کارکردنی نەبێت، یان لەوانەیە مرۆڤی تریش تووشی ئەم نەخۆشییە بکات.

ئەمە نموونەیەکی بچووك بوو لە بواری تەندروستی. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکانی ئەو گۆڤارە هەر لەدەوری تەندروستی ناخولێتەوە، بەڵکو چەندین بابەت و ریپۆرتاژ و چاوپێکەوتن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری.. هتد دەگرێتەخۆ. کەواتە ئەو کەسانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کار دەکەن، دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش کەمتر نین لە کەسانی پەروەردەیی و دەزگا پەروەردەییەکان، بە مەرجێك هەموو ئەو بابەتانەی کە بڵاوی دەکەنەوە شیاوبن و لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بن و خەڵکی بە ئاقاری باشدا ببەن.

ماوەتەوە بڵێین ئەمڕۆکە ئەگەر چەند پوولێك بە سواڵکەرێك بدەین، لەوانەیە ئەوەندە خێر نەبێت، چونکە بە وەرگرتنی ئەم چەند پوولە بەردەوام دەبێت لە سواڵکردن و چاوی لە دەستی خەڵکی دەبێت. بەڵام ئەگەر هاوبەشی بکەین یان بە لایەنی کەم نوسخەیەك لە گۆڤارێك (کە بابەتەکانی خزمەت بە مرۆڤەکان بگەیەنن و هیچ مەبەستێکی نێگەتیڤی لە دواوە نەبێت) بۆ بکڕین، ئەوە جگە لەوەی بە خوێندنەوەی سوودمەند دەبێت، یارمەتیی ستافی کاری گۆڤارەکە دەدەین بۆ بەردەوام بوون، هەر وەك بەشدار دەبین لە پرۆسەی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە.

# تەندروستی و سەلامەتیمان لە کوێی وڵاتانی جیهانە

دەتوانین بڵێین هەر لەسەردەمی کۆنەوە کاتێ مرۆڤ ئەشکەوتی هەڵبژارد بۆ ژیان، یەکێك لە مەبەستەکانی بریتی بووە لە پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خۆی. لەم سەردەمەش بوونی وەزارەت لە ژێر ناوی وەزارەتی تەندروستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەڵگەیە لەسەر گرنگی تەندروستی و سەلامەتی.

زۆرجار لێرە و لەوێ قسە لەسەر بارودۆخی پێشکەوتنی کوردستان دەکرێت لەرووی ئابووی و سیاسی و.. هتد، ئەوەی تێبینی دەکرێت جارێك لە باسی ئەم پیشکەوتنانە بەلای مەسەلەی تەندروستی و سەلامەتیدا ناچن. لە کوردستان سەرەڕای بوونی وەزارەتێکی سەرەکی و چەندین بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە هەموو کابینەکانی حکومەت، بەڵام تا ئێستا دەبینین کە شوێنە گشتیەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت، بە گوێرەی پێویست گرنگی بە تەندروستی و سەلامەتی شوێنی مرۆڤەکان نادەن. تا ئێستا لە گەڕەکەکان تاوەری کارەبا و بەنزینخانە بوونیان هەیە. لە زۆربەی دام و دەزگاکان، سندوقی فریاگوزاری سەرەتایی نییە بۆ حاڵەتی بریندار بوون یان کەوتن یان نەخۆشکەوتنێك، بە جۆرێك ئەگەر کەسێك لەم دەزگایانە تووشی

حاڵەتێکی ناتەندروست بێت بە ناچاری دەبێت ببیەن بۆ نەخۆشخانەیەك. ئەوە لە کاتێکدایە زۆر جار ئەگەر فریاگوزاری سەرەتایی بوونی هەبێت پێویست ناکات ببیەن بۆ ئەو نەخۆشخانەیە.

لە شوێنی کارکرن جا چ کەرتی گشتی بێت یان تایبەتی، ئامێر و جل و بەرگی کار کەموکوڕی تەندروستی پێوە دیارە. ئەمانە ئاماژەن بەوەی کە ئێمە لە دواوەی وڵاتانی جیهانین لە بواری تەندروستی و سەلامەتی.

بۆ ئەوەی ئەم کەموکوڕیانە چارەسەر بکەین، پێویستە یاسای تەندروستی سەلامەتی لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێت و بەشی تەندروستی و سەلامەتی لە هەموو دەزگاو شوێنە گشتیەکان هەبێت، بە ستافی پسپۆڕ بۆ کارکردن لەسەر هەموو لایەنەکانی کە کاریگەری لەسەر تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤ و شوێنەکان هەیە. هەروەها هەروەکو چۆن بۆ کەرتی گشتی و تایبەتی ژمێریار و پارێزەر کراونەتە مەرج بە هەمان شێوە پێویستە یاریدەدەری پزیشك یان کەسێکی شارەزا لە بواری تەندروستی و سەلامەتی دابمەزرێت. هەروەها هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەردەوام هەبێت، لە کاتی سەرپێچی سزا توندیش پێویستە، چونکە دواجار ئەم سزایە بۆ پاراستن و تەندروستی سەلامەتی هەموانە.

# با ئاگاداری سەرچاوەکانی زانیاری بین

بۆ ئاگاداربوون لە رابردوو و ئێستا و ئاینده، جێبەجێکردنی هەر کردار و گوفتارێك، مرۆڤ پێویستی بە زانیاری هەیە، چونکە بە بێ زانیاری زۆرانێك لە کردار و گوفتارەکانی مرۆڤ دەرئەنجامی خراپیان لێ دەکەوێتەوە. ئەمڕۆکە سەرەڕای بوونی چەندین سەرچاوەی زانیاری (رۆژنامە، گۆڤار، کتێب، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت.. هتد) بە جۆرەها زمان، بەڵام دۆزینەوەی سەرچاوەی زانیاری باوەڕپێکراو هێشتا هەر گرفتە.

* جارێکیان یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان هەواڵێکی بڵاوکردەوە، لەسەربوونی شەڕ و پێکدادان لە وڵاتێك، دواتر هەر دوای کاتژمێرێك لە دەنگی ئەمریکا بەشی ئینگلیزی گوبێبستی هەمان هەواڵ بووین کە پێچەوانە بوو، دواتر بۆمان دەرکەوت ئەم کەناڵە ئاسمانییەی خۆمان هەواڵەکەی گۆڕیبوو بە گوێرەی تێڕوانینی حیزبەکەی بۆ ئەو شەروپێکدانانە! سەیرە بیانییەك هەواڵی ڕاستت پێ بدات و هاوڵاتی و هاونەتەوەی و هاوزمانی خۆت زانیاری ڕاستت لێ بشارێتەوە.

* هاوڕێیەك بۆی گێڕاینەوە وتی: ((ماوەیەك لە گۆڤارێك کارمان دەکرد، جارێکیان لە کاتی دیزاینکردنی گۆڤارەکە رستەیەك کە باسی مرۆڤی

تەمەن (16) ساڵی دەکرد ژمارە (16) گۆڕابوو بۆ (61) گۆڤارەکەش چاپ کراو بڵاوکرایەوە، ئەوە بێ گومان خەڵکانێکی زۆر ئەم زانیاریەیان بە هەڵە وەرگرت)) .

* رۆژانە چەندین وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی دەبینین، کە خەڵکانێکی زۆر بە موعجیزە و نائاسایی و عەجیب سەیری دەکەن و سەریان سووڕ دەمێنێت لە بینینیان، وەکو ئەوەی ئافرەتێك بووتە درەخت یان ئەسپێك شەش قاچی هەیە و ئەمانە و دەیانی تر، کە ڕاست نین و بە بەرنامەی کۆمپیوتەری دروستکراون.

* ماوەیەك لەمەوبەر بەگوێرەی ناونیشان کتێبێکمان کڕی، کاتێ چەند لاپەڕەیەکمان لێ خوێندەوە بۆمان دەرکەوت زانیاریەکانی هەڵەن. لەکاتێکە ژمارەی سپاردنیشی هەیە؟؟!!

ئەمڕۆ شوکر بۆ خودا سەرچاوەکانی زانیاری زۆرن بەڵام لەگەڵ بوونی سەرچاوەی زۆر مرۆڤ پێویستە ئاگاداری سەرچاوەکانی زانیاری بێت لە راستی و دروستییان چونکە زۆرجار هەواڵ یان نووسین خۆی لە خۆیدا سیناریۆیە، بۆ چەواشەکردنی خەڵك دروست دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە!! بۆیە پێویستە لە کاتی خوێندنەوەی هەر بابەتێکی گۆڤارو رۆژنامە و کتێب، یاخود گوێبیستبوونی هەر هەواڵ و زانیارێکی رادیۆیی و بینیی هەر دیمەنێکی تەلەفزیۆنی، بزانین ئەمانەی ئەم

زانیاریانە بڵاودەکەنەوە کێن و مەبەستیان چیە و بیرو بۆچوونیان لەبارەی ژیانەوە چۆنە.

# جگەرەکێشان لە ناو نەخۆشخانەکان

خووی جگەرەکێشان کە تا ئێستا رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی و چەندین رێکخراو و پەرتووك و پێگەی ئینتەرنێت و یاسا وڵاتان و رێنمایی لەبارەیەوە هەیە، هەمووشیان بەو ئاراستەیەن جگەرەکێشان شان بە شانی ماددە هۆشبەرەکان زیانی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ، ئەوە بێجگە لە زیانی ئابووری و ژینگەیی.

لە یاسا و رێنمایی وڵاتان جەخت دەکرێتەوە لەسەر قەدەغەیەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتیەکان. نەخۆشخانە شوێنێکی گشتییە، جگە لەوەی کە شوێنی کارمەندی تەندروستی (پزیشك و یاریدەری پزیشك و پەرستیار و.. هتد) و شوێنی پشکنین و چارەسەر و حەوانەوەی نەخۆشە. ئەگەر کارمەندێك تووشی بریندار بوون یان هەر حاڵاتێکی ناتەندروست هات، ئەوە بێگومان زیانە تەندروستییەکە بۆ خۆیەتی، بەڵام ئەگەر کارمەندێك جگەرەی کێشا، ئەوە جگە لە کاریگەریی لەسەر تەندروستی خۆی (جگەرەکێش) ئەوە زیانی بۆ کەسانی دەوروبەریشی هەیە، ئەی ئەگەر ئەم کەسانەش کەسی نەخۆش بن و لە ناو نەخۆشخانەش بێت.

بوونی جگەرەکێش لە ناو نەخۆشخانەکان ئەمانە دروست دەکات:

1- کەسی جگەرەکێش جگە لە خۆی زیانی بۆ کەسی دەوروبەری هەیە (لێرەدا کەسی دەوروبەر هەموویان کەسی ئاسایی نین بەڵکو بەشێکیان نەخۆشن).

2- بێمتمانەیی دروست دەکات لە نێوان نەخۆش و کارمەندی تەندروستی، بە جۆرێك بڕوا بە قسەی کارمەندی تەندروستی ناکرێت ئەگەر بڵێت جگەرە زیانی هەیە.

3- ژینگەیەکی ناتەندروست وناسەلامەت (لە حاڵەتی کەوتنەوەی ئاگر بە هۆی جگەرەوە) دروست دەکات، کە بێجگە لە کارمەندی تەندروستی زیانی بۆ نەخۆش و کەسانی سەردانکەر و هاوەڵی نەخۆشیش دەبێت.

4- لاوازی لایەنی ئیداری پیشان دەدات، هەر لە ئیدارەی نەخۆشخانەکە تا دەگاتە وەزارەت و بەرپرسەکان، کە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی ئەم خوە خراپە بکەن لە هەستیارترین شوێنی وڵات.

لە کوردستانی خۆمان سەرەڕای بوونی یاسا و ڕێنمایی بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان. لە لێکۆڵینەوەیەك دەرکەوتووە کە (٪23.3)ی کارمەندانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر جگەرەکێشن، لەوانە (٪35)

پزیشکە (پیاوەکانە)، (22.7٪) یاریدەری پزیشکەکانن (پیاوەکان)، (16.7٪) ئەو کارمەندە پیاوانەی لە تاقیگەکان کاردەکەن، (4.3٪) ئەو کارمەندە ئافرەتانەی لە تاقیگەکان کاردەکەن، (50٪) کارمەندی ئیداریەکان (پیاوەکان)، (5٪) کارمەندی ئیداری (ئافرەتەکان) جگەرە دەکێشن. پرسیار لێرە ئەوەیە ئەگەر لە نەخۆشخانە بەم شێوەیە بێت دەبێت لە دام و دەزگاکانی تر چ بگوزەرێت؟؟!!

بۆ چارەسەرکردنی ئەم خووە خراپە پێویستە هەموو ئەو رێ و شوێنانە بگرینەبەر بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان، بە تایبەتی لایەنی ئیداری، لە پێناو دروستکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست.

# پێشلێکاری مافی منداڵ خۆمانین

هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە وتی: ((ناسیاوێکمان دوو ژنی هێناوە، تا ئێستا (13) منداڵی هەیە، جارێك پرسیاری ناوی منداڵەکانیمان لێ کرد هەڵەی کرد و نەیتوانی ناوی هەموویان بڵێ... ! !)).

زۆرانێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە وا دەزانن پێکهێنانی خێزان و منداڵ بەخێوکردن هەر ئاهەنگ و پیاسە و مانگی هەنگوینی و شیرینی و چەرەزات خواردنە، لە کاتێکدا پێویستە کەسی ئامادە بۆ پێکهێنانی خێزان، رۆشنبیرییەکی تەواوی هەبێ، هەر لەلایەنی دارایی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و تا ڕادەیەك پێگەیشتوو بێت، ئینجا خێزان پێك بهێنێت و کەسانی تر پەروەردە بکات. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئاستی رۆشنبیری بۆ خۆی ئەوەندە نەبوو چۆن دەتوانێ کەسانی تر پەروەردە و رێنمایی بکات؟

منداڵ کاغەزی سپییە و نەوەی دوا رۆژە، بەرپرسی یەکەمیش لە منداڵ خێزانە، بەتایبەتی دایك و باوك، ئیتر هەر لە پێدانی خواردن و جلو بەرگ و فێرکردنی کردار و گوتاری باش و پێدانی سۆزی و خۆشەویستی و دروستکردنی کەسیەتی، ئینجا گرفتەکە لێرەدا دەست پێدەکات، گەر دایك و باوکەکە خۆیان ئاستێکی ڕۆشنبیر لاوازیان هەبێ، ئەوە ناتوانن منداڵەکانیان بەباشی پەوەردە بکەن، چونکە خۆیان هیچیان پێ نییە چ

جای ئەوەی بیدەن بە منداڵەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆری منداڵ و قەرەباڵغی خێزان نزمی ئاستی رۆشنبیری خێزان پیشان دەدات و بە سلبی دەشکێتەوە سەر منداڵەکان و هەندێکیان دەبنە قوربانی ئەوانی تر، چونکە هەرچەندە منداڵ زۆر بێت کێشە زۆر دەبێت، ئەگەر منداڵ لە خێزانێکی قەرەباڵغ و دایك و باوکێکی رۆشنبیری نزم بێت واتە پەروەردەی خێزانەکە خراپ دەبێت و، وەك کورد وتەنی: ئاو بهێنە و دەستت بشۆ، .

دواتر ئەگەر بێین و باسی ئەو پەروەردەیە ئیفلیجە بکەین کە منداڵەکانمان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتەوە پێیان دەدریت ئەوە لە کۆڵ خۆکردنەوەیە نەك پەروەردە!. لە تازەترین کاری حکومەت ئەوەیە کە پشتگیری فێرگەی تایبەت دەکات کە هەموو تایبەتمەندیەکانی جیایە لە فێرگەی حکومی. بەم کارە حکومەت پێمان دەڵێ کە جیاوازی هەیە لە نێوان منداڵی هەژارو دەوڵەمەند بە جۆرێك منداڵی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان شایانی ژیانی باشترو خۆشترن. لە لایەکی ترەوە حیزبیش درێغی نەکردووە لە ئیستغلالکردنی منداڵ و بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی بەکاریان دەهێنی، هەر بۆ نموونە لە کاتی هەڵبژاردنەکان جگە لەوەی چەند دروشمێکی بریقەدار بەرز دەکەنەوە سەبارەت بە بەرگری کردن لە منداڵ و چارەسەری کێشەکانیان، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا منداڵ بەکاردەهێنن بۆ دابەشکردنی پۆستەری

بانگەشە لە ترافیکلایتەکان بەرامبەر بڕێ پارە. ئەمە ناڕاستەوخۆ منداڵان فێر دەکات لایەنگری حیزبێك بێت و دژایەتی حیزبێکی تر بکات، لە کاتێکدا هەڵبژاردن بۆ کەسانی تەمەن (18) ساڵ و زیاترە.

ئێمە تەنها لە (6/1) منداڵەکانمان بە بیردێتەوە و وێنەو دیمەنی ئەو منداڵانەی کە کاردەکەن لە سەر شەقامەکان دەمانجولێنێ. تەنها لەم ڕۆژە بیر لە دونیای پاکی منداڵ دەکەینەوە، تەنها لەم ڕۆژە لە ڕاگەیاندنەکان قسەی زل زل دەکەین و باس لە کۆمەڵێ یاسا دەکەین و کۆمەڵێ پەیمانیش دەدەین، لە کاتێکدا هەموو ئەو پێشێلکارییانەی کە دەکرێت دەرهاوێشتەی پەروەردەکانی خۆمانن بۆ منداڵ. ئەو کۆمەڵگەیە بە خێزان و حکومەت و حیزبەوە، کە مافەکانی منداڵ پێشێل دەکات و پەروەردەیەکی خراپی دەکات، چاوەڕێی چ لەو مرۆڤە دەکەی؟ چ کەسایەتییەکی لێ دەردەچێ؟ بکوژ؟ تیرۆریست؟ دووڕوو؟ درۆزن؟ دز؟ یان کەسێکی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر و نوێخواز و چاکەخواز و سوودبەخش؟

تێبینی کراوە ئەو تاوانبارانەی کە دان بە تاوانەکانیان دەنێن زۆربەیان هۆکاری یەکەمی تاوانەکەیان بۆ پەروەردەی منداڵی دەگەڕێتەوە. جا بۆیە منداڵەکانمان دواڕۆژ هەر جۆرە مرۆڤێکیان لێدەرچێت ئەوە دواجار هەڵەی خۆمانە، چونکە لەسەرەتاوە مافی تەواوی خۆیانمان پێنەداون و پێشێلکاری مافەکانیان هەر خۆمانین.

# کاری خۆبەخشی

ئەگەر بە سادەترین و کەمترین وشە پێناسەی کاری خۆبەخشی بکەین ئەوە دەڵێین بریتییە لە: (کارێك بەبێ هیچ پاداشتێکی ماددی). کاری خۆبەخشی بەشێکە لە چاکە، دەتوانین بڵێین خاڵی هاوبەشی هەموو ئاینەکانە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران و کەسانی ئاینپەروەر و نیشتمان پەروەردە و رۆشنبیر و کەسانی مرۆڤدۆستە، جا ئەم کارە خۆبەخشیە بۆ کێ بێت یان بۆ چ مەبەستێك بێت ئەوە دەوەستێتە سەر کەسی خۆبەخش.

هەموو ساڵێ لە مانگی رەمەزان و لە ماوەی رابردوو لە کاتی هاتنی ئاوارەکانی کوردستانی رۆژئاوا بۆ باشووری کوردستان (کۆمەکەکە بە جۆرێك بوو دوو هێندەی وڵاتانی سەربەخۆ بوو). خەڵکانێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان هەستان بە کاری خۆبەخشی لە پێناو یارمەتیدانی کەسانی تر کە پێویستیان بە یارمەتی بوو. ئەمە لە هەردوو کات بووە مایەی دڵخۆشی کەسانی یارمەتیدەر و یارمەتیدراو لە هەمان کاتدا کەسانێ کە ئەم کارانەیان بینی. ئەم کارە ئاماژەیە بەوەی کە ئەم گیانە خۆبەخشیە لە تاکی کورد هەیە و زیندووە. جا بۆ ئەوەی ئەم گیانە خۆبەخشیە نەمرێت و هەردەم زیندوو و بەسوود بێت، ئەوە

پێویستە ئەم کارە خۆبەخشییە ئەگەر بە بڕێکی کەمیش بێت بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی ببێتە نەریتێکی باشی کۆمەڵگەی کوردی. مرۆڤ دەتوانێ لە ژیانی خۆی هەفتەی جارێك یان دە رۆژجارێك یان مانگی جارێك کارێکی خۆبەخشی بکات. جا هەر مرۆڤە بە جۆرێك و بە شێوەیەك. بۆ نموونە کۆمەلێك پزیشك، ئەندازیار، مامۆستا، مامۆستای ئاینی، شۆفێر، قوتابی، دەتوانن بە گوێرەی بەرنامەیەکی رێکخراو هەڵسن بە کاری خۆبەخشی بە تایبەتی بۆ شوێنە گشتییەکان.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین کاری خۆبەخشی نیشانەکە بۆ خۆشەویستی، چونکە هیچ کەسێك ئامادە نییە یارمەتی کەسێکی تر بدات کە خۆشی نەوێت. لێرەو لەوێ زۆر جار کەسانێك دەڵێن دڵسۆزی تاکی کوردین و خۆیان بە ئایندار و نیشتمانپەروەر دەزان کەچی ئامادەنین کاتژمێرێك کارێکی خۆ بەخشی بۆ بکەن!!.

بۆ دڵخۆشکردن و یارمەتیدان و رزگارکردنی و پیشاندانی دڵسۆزی و خۆشەویستمان بۆ خاك و هاوڵاتی خۆمان و مرۆڤەکان بە گشتی با بەردەوام کاری خۆبەخشی بکەین، تا دواجار ببێتە نەریتێکی باش لە کۆمەڵگەدا کە لە ئەنجامدا سوودی بۆ هەمووان هەیە بەبێ جیاوازی.

# عەیبەکە عەیب نییە بەڵام ناعەیبەکە عەیبە ! !

کلتوور بۆ ئەوەی لەناو نەچێ پێویستی بە پاراستنی و پارێزگاری لێ کردن هەیە. چونکە کلتوور و مێژوو بەڵگەن لەسەر بوونی نەتەوەکان و دەتوانین سوودیان لێوەربگرین، بەڵام ئەمڕۆ کە لە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵێك هەڵسوکەوت و بابەت هەن کە لە کۆنەوە بۆمان مانەتەوە و هیچ لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق یەك ناگرنەوە و سوود بەخش نین بۆمان پێویستە وازیان لێ بهێنین، بەڵام خەڵکی ئێمە بووەتە قوربانی ئەم هەڵسوکەوتانە، بە حوکمی ئەوەی کە داب و نەریتی باوك و باپیرانە و لە بیریان ناکات و لەسەر رێڕەوی ئەوان دەڕوات و شانازیشیان پێوە دەکات. هەستان و زیندووکردنەوەی ئەو داب نەریتە بڕوا پێبوون و بەرگری لێکردن و بەردەوام بوون لەسەریان، ئەوەندەی لایەنی بێئاگایی و بێ زانیاری و دواکەوتویی و لایەنی سلبی پیشان دەدەن، ئەوەندە لایەنی ئیجابییان نییە، بەڵکو هەر جێگای پێکەنین و گاڵتە پێکردنن لە لایەن خەڵکی رۆشنبیری و باوەڕدار و پێشکەوتنخواز، کەچی هەر بەردەوامن لەسەری، پێشیان عەیب نییە لە کاتێکدا پێچەوانەکانیان ڕاست و سوودبەخشن.

* لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەگەر کچ و کوڕێك بەیەکەوە لە هەڵپەڕکێیەك دەستی یەك بگرن و هەڵپەڕن ئەوە هیچ عەیب نییە، بەڵام هەر ئەو کوڕو کچە ئەگەر بۆ رۆژی داهاتوو لە شوێنێکی گشتی دەستی یەك بگرن، تەنانەت لەگەڵ یەك ڕابوەستن و قسە بکەن ئەوە عەیبەو زۆر جار شەڕ و ئاژاوەشی لێ دروست دەبێت.

* ئاهەنگگێڕان بۆ کوڕەکەیان لە کاتی هاوسەرگیری شانازیە، بەڵام لە کاتی بەشوودانی کچەکەی و ئاهەنگگێڕان بۆ بەشوودانی کچەکەی عەیبەیە، بەتایبەتی بۆ پیاوان کاتێ کچی بەشوو دەدات یان خوشکی بەشوو دەدرێت.

* چوونە سەر گۆڕی شێخ و پیرو هێنانی پەڕۆ بە موتفەرك و جۆلانەی سەر قەبری شێخەکان و بەرد بە کێل هەڵواسین و فاڵگرتنەوە و نوشتە و لە حاڵەتی تەنگانە بانگ کردنی شێخ و سەید و دەروێش هێشتا لە زۆر شوێن کاری پیرۆزن، لە کاتێکدا ئەمانە نەك هەر عەیبن بۆ ئەم سەردەمە بەڵکو دژ بە ئاینیشن.

* تا ئێستا لە ناو زۆر خێزان ژن و مێرد ناوی یەکتر ناهێنن کاتێ قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، پێیان عەیبە، لە کاتێکدا ئەگەر ناوی یەکتر بهێنن عەیب نییە.

* رۆیشتن لەناو شەقام و هۆڕن لێدان بە تایبەتی لە کاتی گواستنەوەی بووك و تەقەکردن لە کاتی بۆنە خۆشەکان و فڕێدانی پاشماوەی

خواردن لە شوێنە گشتیەکان ئاساییە و عەیب نییە، کەچی لەراستیدا ئەمانە کاری ناشارستانین و عەیبن لە ولآتانی جیهان.

* ئاژاوەنانەوە لە نێوان شارەکان، وەك ئەوەی ئەمە سلێمانییە و ئەوە هەولێرییەو ئەڤە دهۆکییە تا ئێستا بوونی هەیە، کەچی کارێکە دژی بەیەکەوە ژیان و فرەییە، عەیبەیە بۆ ئەمڕۆکە.

* نانەوەی تەفرەقە لە نێوان رێکخراوەکان و حزبەکان هەڵبەستنی تۆمەتی بێبنەما، بەتایبەتی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمان یان پارێزگاکان، بوونیان هەیە، کەچی کارێکە دژ بە ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەرو عەیبەن بۆ ئەو کەسانەی بەم کارانە هەڵدەستن لەم سەردەمە.

* ئەگەر یەکێك، بەتایبەت پیاو لەسەرووی تەمەنی (25)ساڵی، جلوبەرگی ڕەنگاو رەنگ بپۆشێ عەیبەیە، کەچی لە ڕووی ئاین و تەندرستی هیچ گرفتێکی نییە و عەیبە نییە.

دەتوانین بڵێین بۆ ئەمانە و دەیان بابەتی لەم چەشنە عەیبەکە عەیب نییە بەڵام ناعەیبەکە عەیبە لە کۆمەڵگەی ئێمە!!

# بۆ بەرژەوەندی گشتی

ئاشکرایە کە زۆربەی قوتابیانی خوێندنی باڵا پێویستە لێکۆڵینەوەیەك پێشکەش بکەن لەبواری خوێندنەکەی خۆیان. ئەم لێکۆڵینەوانەش کەسی پسپۆڕ لە بوارەکە سەرپەرشتییان دەکات، کاتێکی زۆریشیان پێ دەدرێت بۆ ئامادەکردنی، هەروەها خەرجیشی دەوێت. دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکە لێژنەی پسپۆڕ گفتوگۆ لەسەر هەموو لایەنەکانی لێکۆڵینەوەکە دەکەن، جا ئەم لێژنەیە بە گوێرەی بەرنامەی زانکۆکان دەگۆڕێت. لە وڵاتان دوای بڕیاری لێژنەکان بەتایبەتی ئەگەر لێکۆڵینەوەکان لێکۆڵینەوەی باش بن زانکۆکان چاپ و بڵاویان دەکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدارەکان سوودیان لێ وەبگرن.

بەڵام داخەکەم لێکۆڵینەوەی ماستەر لە وڵاتی ئێمە دوای بەدەستهێنانی دەرەجەکە لە کتێبخانەیەك لە کتێبخانەکان دادەنرێت، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی لاوازی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بێت، یان بە هۆی ئیهمالی زانکۆکە بێت. بەڵام بەبێ شك ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ساڵانە ئەنجام دەدرێن هەر هەموویان بابەتەکانیان لاواز نین و، ساڵانە چەندین لێکۆڵینەوەی بەهێز و بەسوود لەلایەن قوتابیانەوە پێشکەش دەکرێن، ئەگەر کاریان لەسەر بکرێت سوودیان دەبێت بۆ کۆمەڵگە. بۆ ئەم لێکۆڵینەوانەی کە ساڵانە

ئەنجام دەدرێن لەلایەن قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی کوردستان پێویستە:

یەکەم: ئەندامانی پەرلەمان کە کاریان دانانی یاسا و چاودێریکردنی کاروبارەکانی وەزارەتەکانی حکومەتە، کە لایەنی جێبەجێکاری یاساکانن دەتوانن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان پشت ببەستن بەو لێکۆڵینەوانەی ساڵانە لە زانکۆکانی کوردستان دەکرێن، ئەوانەشی کە بوونیان هەیە لە کتێبخانەکانی زانکۆکان لەبارەی هەر بابەتێك کە پەیوەندی هەیە بە بوارێك لە بوارکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم لێکۆڵینەوانە بابەتی خەیاڵی نین، بەڵکو زۆربەیان بۆ ماوەیەکی درێژ کاری لەسەر کراوە و لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە سەرپەرشتی کراون و داتا و سەرچاوەی باوەڕپێکراویان بۆ بەکار هێنراوە.

دووەم: ئەو قوتابیانەی بابەتی لێکۆڵینەوەکانیان پەیوەندیی هەیە بە پەرلەمانی کوردستان و یان وەزارەتێك لە وەزارەتەکان لەکاتی پەسەندکردنیان بە پلەی بەرز، ئەگەر زانکۆکە بۆی بڵاو نەکردنەوە ئەوە خۆیان دەتوانن پەیوەندی بکەن بە شوێنە پەیوەندیدارەکان، ئەویش بە پێشکەشکردنی کۆپیەك لە لێکۆڵینەوەکە یان بە شێوەی کۆڕو سیمنار و هیچ نەبێت لە پێش دەزگاکانی ڕاگەیاندن بابەتی لێکۆڵینەوەکەیان باس بکەن، کە دواجار هەموو ئەمانە بۆ بەرژەوەندی گشتیە .

# تەندروستی و سەلامەتی لە رێنمایی کۆبوونەوەی ئیداریەکان

دابەشکردنی کار لە دامودەزگا گشتی و تایبەتیەکان یەکێکە لە هۆکارە بەهێزەکانی سەرکەوتنی دەزگاکان و دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو کێشە و گیرفتانەی دەبنە کۆسپ لە بەردەم کاروبارەکانی رۆژانەی ناو دام ودەزگاکان.

بەڕێوەبەر و سەرۆك بەشەکان لەناو دام ودەزگاکان لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕی لە خۆیان بەرزتر پۆستیان بە گوێرەی پسپۆڕی خۆیان پێدەدرێت، ئەرك و مافی تایبەتی (بەڕێوەبەر و سەرۆك بەش دەرماڵەی تایبەتی مانگانە)ی بۆ دیاری دەکرێت. ئەگەر کۆبوونەوە ئیداریەکان بە نموونە وەر بگرین کە یەکێکە لە ئەرکە ئیدارییەکانی هەر بەڕێوەبەرێك، ئینجا لە کەرتی تایبەت یان گشتی بێت. بەڕێوەبەر پێویستە بەلایەنی کەمی مانگانە کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدات لەگەڵ کارمەندەکان، لەو کۆبوونەوانەش هەرچی یاسا و رێنمایی کۆن و نوێ لەبارەی کارو فەرمانگاکە و ژینگەی فەرمانگەکە هەیە هەر لە کاتی دەوامکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی سەردانکەر و بەکارهێنانی ئامێرو چۆنیەتی پاراستی ژینگەی فەرمانگەکەو پێداویستیەکانی فەرمانبەر..

هتد دەبێتە ئەرکی بەڕێوەبەر، لەبەرئەوە بەڕێوەبەرەکان پێویستە لە هەموو کۆبوونەوە ئیداریەکان ئاماژە بەم خاڵانە بکەن، هەتا ئەگەر پێشتریش باسکرابوو، ئەوە پێویستە دووبارەیان بکەنەوە و بە بیری کارمەندەکانیان بهێننەوە، چونکە لە کاتی بوونی هەر هەڵەیەك لە رووی یاسایی لەکاتی ئیشکردندا بە زۆری بەڕێوەبەرکان بەرپرسی یەکەمن.

جگەرەکێشان یەکێکە لەو خووە خراپانەی کاریگەری هەیە لەسەر کەسی جگەرەکێش و کەسانی دەوروبەر و ژینگە، هەر لەبەر ئەوە لە کوردستان یاسایەك هەیە بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتیەکان و فەرمانگا حکومیەکان، لە هەمان کاتیشدا رێنمایی وەزارەتی تەندروستی هەیە، لەو رێنماییانەدا هاتووە: (لە دەزگاکانی میری بەڕێوەبەری بەشەکان بەرپرسن لە جێبەجێکردنی رێنماییەکان، بە چەسپاندنی سزای کارگێڕی بەسەر کەسی سەرپێچی کار، ئەگەر بەڕێوەبەرەکە هەڵنەستا بە جێبەجێکردنی سزاکە ئەو کاتە پێویستە بەڕێوەبەرەکە سزا بدرێت لەلایەن دەسەڵاتی بەرزتر لە خۆی) لە دوا لێکۆڵینەوە کە لە چەند نەخۆشخانەیەکی کوردستان ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە (٪73) لە کارمەندانی نەخۆشخانەکان باسی قەدەغەکردنی جگەرەکێشانیان بۆ نەکراوە لەلایەن بەڕێوەبەرەکانیان لە کۆبوونەوە ئیداریەکاندا.

بەڕێوەبەرەکان مافی خۆیان وەردەگرن لەبەرئەوە پێویستە ئەرکەکانیشایان جێبەجێ بکەن و لایەنی تەندروستی و سەلامەی فەرامۆش نەکەن لە کۆبوونەوە ئیدارەکانیاندا، ئەویش لە پێناو تەندروستیەکی باش و سەلامەتی بۆ هەموو کارمەندەکان و کەسانی سەردانکەر و ژینگەی دام ودەزگاکان، لەوێشەوە بۆ پێشکەشکردنی نموونەیەکی جوان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی.

# فێستیڤاڵی کوردانە

ساڵانە زۆرجار لێرە و لەوێ لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە (نووسراو، بینراو، بیستراو) زۆر کەسانی بە توانا و کاری داهێنانی زۆرباش و کەولوپەلی زۆر نایاب، هەتا شوێنی زۆر سەرسوڕهێنەر لەناو کوردستانی خۆمان دەبینین، کە جێگەی خۆشحاڵیی هەموو کوردێکن.
نمایشی ئەم کەسە بەتوانا و کارە داهێنانکاریانە و کەل و پەلە نایابانە، تا ئێستا هەر لەسەر ئاستی پێشانگایەك، فیستڤیاڵی قوتابخانە، بڕگەی بەرنامەیەك، بەرنامەیەك، چالاکی ڕێکخراوێك، چالاکی سەنتەرێك، ساڵیادی دامەزراندنی حیزبێك بووەو چەند ناوچەیەك و چەند چینێکی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، هەموو ئەمانە وای کردووە خەڵکی بە گشتی بەشداری تێدا نەکات و زۆرجار سەیریشی نەکات.
پێویستە ئەم هەوڵانە یەکبخرێت و هەموو چین و توێژێکی کورد بگرێتەوە (منداڵ، لاو، ژن، بە ساڵاچوان) هەموو شوێنەکان (هەموو شارو شارۆچکە و لادێکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان) هەموو بیروڕایەك (عەلمانی و ئیسلامی و بەراست و چەپ) و هەموو ئاینەکان (ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی) شتە سەیر و سەمەرەکان و توانا جیاکان لە هەموو بوارەکانی ژیان (وەرزش بە هەموو یارییەکانیەوە، خوێندن و

لەبەرکردن قورئان، نووسین بە بەشەکانیەوە، هونەر بە هەموو لقەکانیەوە، کاری داهێنان، هەموو جووڵەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش.. هتد) حکومەت سەرپەرشتی بکات و بە شێوەی چەپکێك سالانە لە چەند رۆژێك پێشکەش بکرێت و ببێتە فێستڤاڵێکی کوردانە، ئەو کات هەموو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و بیانیەکانیش بانگهێشت بکرێن.
ئەمە شێوەیەکی زۆر باشترە و بەسوودترە لە هێنانی گۆرانبێژی بیانی بۆ راکێشانی گەشتیار بۆ ناو کوردستان، چونکە لە فێستیڤاڵێکی لەم جۆرەدا:

یەکەم: سەیرو سەمەرە و توانا و زمان و کەلتووری کورد پیشان دەدرێت لە ناوچەیەکی کوردی، نەك بیانی.

دووەم: کەسە بە تواناکانی خۆمان هاندەدەین بۆ بەردەوامبوون لەسەر کارەکانیان.

سێیەم: بۆ تاکی کورد دەردەکەوێت کە چ جۆرە بیروبۆچوونێك و حیزب و چینێك لە کوردستان چالاك و خاوەن پرۆژەی باش و کاریگەرە لە کوردستانە.

چوارەم: خەڵك بێزار نابێت و دژایەتی ئەم جۆرە پرۆژانە ناکات، چونکە فێستیڤاڵێکی کوردانە دەبێتە جێگەی خۆشحاڵی هەمووان.

پێنجەم: بە یەکگرتوویی (هەموو بیرو بۆچوون و چین و توێژەکان و ئاینەکان) خۆمان پیشان دەدەین بە جیهان.

پێویستە توانا و کارو هەڵویستمان یەکخەین بە هەر شێوازێك کە دەگونجێت لەگەڵ گەلەکەمان، نەك بە پێچەوانەی بیروڕا و داب و نەریت و ئاین و زمانی گەلەکەمان بۆ ئەوەی رووی جوان و ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردی پیشانی جیهان بدەین.

## گۆرانییەکانیان فێری چیمان دەکەن؟

هەر کەسانێك خزمەتی هونەر و کەلتوور و زمان و پەروەردەی کۆمەڵگە بکات، جێگەی شانازی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیە و شایانی رێزلێنانە. تەنانەت دوای مردنیشی. بواری هونەری بە هەموو بەشەکانیەوە یەکێکە لەو بوارانەی خزمەت بە تاکی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، جا چ بە ناساندنی بە وڵاتانی تر یان بە هاندان و ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ کاری باش و سوودبەخش بۆ خۆیان و کۆمەلگەکەیان لەرێگای کارە هونەریەکانیانەوە. نموونەی ئەمانەش چەندین گۆرانبێژمان هەن کە خەڵك بۆ پاراستنی نیشتمان و کەلتوور و ئاین و زمان هان دەدەن، هەموو ئەو کەسانەی بەشداری ئەم گۆرانیانەیان کردووە شایانی رێزن لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

بەڵام ئەمڕۆکە کەسانێك هاتوون بەناوی هونەر و گۆرانی وتن جگە لەوەی کە کەسانی هونەرمەندیشیان شەرمەزار کردووە و لە ئەلفە وە تا یێ، هەموو کارەکانیان لەدەرەوەی بازنەی زمان و نەتەوە و پەروەردە و ئاین و کەلتووری کوردە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان چەند نموونەیەك لە هۆنراوەی گۆرانیەکانیان. لێرەدا ئاماژە بە چەپکێك لەم گۆرانیانە دەکەین:

* ماچێکم بدێ خێرە ! ! (نازانم پێناسەی خێر لای ئەو چییە ؟)

* بە ماچ و دوو ماچ چت لێ نایەت!! (بە قسەی کێ چی لێ نایە؟)
* چەندی دەکەم دڵ پیر نابێت دەستم.... دابێت.
* بێ شەرم کچۆڵە! (ئەمە هەر جنێوە. واتە بێ حەیا)
* زاڵم بابێ وەرە عەیشێ!! (جنێوی نەك بە خۆی بە باوکیشی دەدات)
* رەببی ماڵی وێران بێ ئەوەی بۆ تۆ زاوایە!!(بۆ؟)
* بێوەژن و دەستی دووە .. زەلیلی دەستی خەسووە! (بەدەست خۆی نییە کە بوویتە بێوەژن!!)
* ئەز عاشقێ ژنی بە مێردم!!(چاوی بڕیوەتە ژنی خەڵکی!!)

ئەمانەو دەیان وشەی تر کە مرۆڤ لە ڕووی نایەت باسیان پێ بکات. ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە خاوەنی ئەم بەرهەمانە رێزدارتر و دیارتر و پارێزراوترن لەلایەنە هەندێك لە ڕاگەیاندی کوردییەکان و دەسەڵاتی کوردی. ئەم رێزلێنان و گرنگیدانە بەکەسانی بەناو گۆرانیبێژ، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لەسەر ئاستی وەزارەت و سەرووتریش بە دەفتەر دۆلاریان بۆ سەرف بکرێت و خەڵاتیش دەکرێن! لەکاتێکدا وەکو ڕۆژی رووناك دیارە کەسانێکی ناڕۆشنبیرو دەنگ ناخۆش و دەرچوون لە داب و نەریت و زمان و نەتەوەی کورد. هەروەها ئاشکراشە کە گۆرانییەکانیان فێری چیمان دەکەن و بۆ چ ئاقارێك هانمان دەدەن!! لەم حاڵاتە دەسەڵات وهەندێك لە ڕاگەیاندنی کوردی

دەخرێتە ژێر پرسیارێکی زۆر جدی، ئەویش ئەوەیە ئامانجی دەسەڵات و ڕاگەیاندنی کوردی چیە لەم جۆرە کارانەیان؟!

## سەرچاوە

Smoking among employees of public hospitals and its impact on health and safety, Mohammed Jamil Ali, First Edition 2013, Erbil.

# پێڕست

| | |
|---|---|
| سەرقەڵەمێك ............. | 3......... |
| پێشەكی ........................ | 4...... |
| كاتێك قسە و كردار یەكتر نابڕن................................. | 7 |
| پەیوەندییەكانی نێوان كوڕان وكچان.................. ............ | 11 |
| چاوەڕێی چییان لێ دەكەی؟............................ ............ | 15 |
| خاڵ بۆ سەر پیتەكانی ڕاگەیاندنی كوردی............... ............ | 18 |
| لە نێوان ڕۆشنبیری میللەت و ڕۆشنبیری داتاشراودا........................ | 22 |
| پەتای ئاڕ.................................... ....... | 24 |
| مامۆستا هێزی گۆڕانكارییە..................................... | 27 |
| ئافرەتان خۆیان بەرپرسن لە پێشێلكردنی ماف و ئازادیەكانیان......... | 29 |
| ڕۆڵی پرسگەكان لە تەندروستی و سەلامەتی لە ناو دام و دەزگاكانی وڵات | 33 |
| مێژووش دەشێوێنن.............................. ...... | 36 |
| دەنگ بە كێ بدەین؟....................................... | 38 |
| پێویستمان بە ڕاگەیاندن و پەروەردەیەكی تەندروست هەیە......... | 41 |

| |
|---|
| تەندروستی و سەلامەتیمان لە کوێی وڵاتانی جیهانە......................44 |
| با ئاگاداری سەرچاوەکانی زانیاری بین.................................46 |
| جگەرەکێشان لە ناو نەخۆشخانەکان...................  ...........49 |
| پێشلێکاری مافی منداڵ خۆمانین............  .................53 |
| کاری خۆبەخشی............................  ....56 |
| عەیبەکە عەیب نییە بەڵام نا عەیبەکە عەیبە....!! ..  .........58 |
| بۆ بەرژەوەندی گشتی.....................  .......62 |
| تەندروستی و سەلامەتی لە رێنمایی کۆبوونەوەی ئیداریەکان..........65 |
| فێستیڤاڵی کوردانە.........................  ....................68 |
| گۆرانیەکانیان فێری چیمان دەکەن؟ 71 |
| سەرچاوە 74 |
| |